# قەدەر

ئەنوەر حسێن (أ.بازگر)

سلێمانی
2007





ناوی کتێب: قەدەر
ناوی نوسەر: ئەنوەر حسێن (أ.بازگر)
بابەت: شیعر
نەخشەسازی: شاکار محەمەد
بەرگ: جەبار سابیر
چاپ: نیان بەکر
ژمارەی سپاردنی (351)ی
ساڵی (2007)ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە

چاپی یەکەم **2005**–سلێمانی
چاپی دووەم **2007**–سلێمانی





**پێشکەشە بە:**

**دایکم دووبراو چوار خوشکەکەم، منداڵەکانیان، خێزانەکانیان**
***بەخۆشەویستی دڵنیایی و خۆشەویستی نائومێدی**
***ئیلهامی ئەم شیعرانە**
***بە هاورێکانم**

# عشق گومانی لەکەس نییە

سوزان مامە

ئەوەی جێگەی گومـان نییـە، تـا ئـەمڕۆش شـیعر لەناو کورددا جێگەی بالاترە لەچاو ژانرەکـانی تـری ئەدەبـدا، بۆیـە دەبیـنین ئەوانـەی ئـارەزووی نوسـین دەکەن یان نوسەرن، کەم هەن پەلیان بۆ نەهاویشـتبێ و چەند پەیڤێکیان بەناوی شیعرەوە بلاونەکردبێتـەوە، هەرچەندە لەم نووسینەدا ئەوە کـاری مـن نییـە قسـە





لەسەر ڕەوتـی دونیـای نوێخـوازی ئـەمڕۆی شـیعری کوردی بکەم، بەلام ئەوەی بەناوی گوتـاری شـیعری کوردییەوە هەیە، ڕاچڵەکینی نـاوەوەی شـاعیرەکانە، لە ڕوانینی تەنهایی خۆیانەوە.

لـەم سۆنگەیەوە تا ئێستا ئێمـە (ئـەنوەر)مـان وەك نوسەرێك ناسیووە، نەك شاعیر، کەچی

ماوەیــەك لەمەوبــەر گــوتی کۆمەڵــە نوســینێکی ئەدەبی کەنازانم ناوی لێبنێم شیعرە یان (....)

ئەمەم بەلاوە سـەیر نـەبوو، کاتێـك تـەواوی ئـەو هەناســانەم خوێنــدەوە زێــدەڕۆیی نییــە لــەکۆی خوێندنەوەیاندا کە موفرەدەو زمانی شیعری دەبینرێت، تیادا بۆنی هەناسەکانی ماوەیەکی دەکەی، بەواتایەکی دی ئەزموونی عیشقی و زیندەگی چەند سـاڵێکی، بـە





حوکمی دانانی ساڵی نووسـینیان، کـە لەدووتوێیانـدا دیالۆگ لـەگەڵ خۆی و ئـەو (مـن +تـۆ)دا دەکـات، ئەگــەر بــڕوانین زۆرینــەی ئــەو بەرهەمــە بــەراناوە سەربەخۆو لکاوەکانی کەسـی یەکـەمی تـاك دەسـت پێدەکــەن و گلــەیی و گازانــدەش لەبەرانبــەر ئــەو (تـۆ)یـەدا دەکـات، بۆیـە نووسـینەوەیان بـە ئاهێـك دەزانێت بۆ گوزارشتکردنی.

بەهایــەکی جــوانی ئــەو وشــانە لــە ئیعترافــە سادەکانیەوە کە نەیویستوون درۆیان لـەگەڵدا بکـات دیارە، پێ ئەچێت عیشقێك ئەگـەر گومانـاویش بێـت کوانووی گیان و ختوکـەی شـیعری ئـەوبێت کەئـەم مــەراق و خەیالانــە لای هــەموو شــاعیرێك هــەن، کەبەهرەی شیعری تێدا بێت، هـەروەها یـەکێك لـەو خەســڵەتانەی ئــەم نامیلکەیــە یــەکێتی و بابــەت و

ناوەڕۆکی شیعرەکانەوە سەنعەتکارانەش توانیویەتی ڕیتمی خۆیان وەربگرن.

بەلام پرسیار ئەوەیە تا چەند ئەم دەیەوێت شاعیرانە بژی و هەموو مەودای ژیانی شیعر ئاسا بێت، یان ئەمانە چەند چرکە ساتێکن دێن و دەڕۆن. ئەگەر یەکەمیان بگرێت و پەروەردەی بکات پێموایە لەناو خۆیدا شیعر پەرەدەستێنی و گەشە دەکات، بەلام دوور لە گومان، چونکە ئەو فاکتەرانەی لەم نامیلکەیەدا کاریگەرییان هەیە رەشبینی و گوماناوین، لەکاتێکدا ئەگەر عشق یەکسان بکات بەشیعر یان شیعر بەعشق بچوێنێت ئەوا وەك پائولۆکوئیلۆ دەڵێت" عشق گومانی لەکەس نییە"

خۆڕاگرە لەبەرامبەر هەموو شتێکداو هەمیشە گەشبینەو هەمیشە دانبەخۆداگرە"





لەکۆتاییدا دەڵێم" دوای خوێندنەوەی ئەو هەناسە شیعرییانەی نێو ئەو نامیلکەیە، ڕۆحی شیعریەتی چووەتە ناو خەمەکانی، واتە شیعر باسکردنی کۆمەڵێك پەنهانییە کە لەناخی هەریەك لەئێمەدا، ساتە خۆش و شکست خواردووەکانی ئەم ئەزموونەی زۆر بەسادەیی دەردەبڕێت و دەیەوێت لەرێگەیەوە وشە بکاتە زمانحاڵێك تا رادەیەکی زۆریش بەنهێنی بۆ بەیانکردنی.

لەزمانی پەیڤەکانی ئەو نامیلکەیەوە بەسانایی تێدەگەین، لە رێگەی ئەو ساتەوەختەی کەئەو تێدا ژیاوەو هەمیشە پەیڤ گەلێکی کردۆتە زمانی گومان و گومان، کەوەك خۆی دەڵێت"

**"لەهەموو زەمەنی ژیانم**

**گومان سەراپای رۆحم دەخوات"**





یان دەڵێت"

**"من کۆیلەی گومانم**

**لەجوگرافیای عشق و جوانی و سروشت،**

**زۆر هەوڵمداوە**

**لەم مۆتەکەی چارەنووسە دەربازبم"**

ئەم گومان لەشتەکان، لەهەموو مرۆڤەکان، بەخۆشیەوە دەکات. تەنانەت گومان وایکردووە خۆی بداتە دەست چارەنوسێك کە بەنادیاری مێژووی دەنوسێتەوە، جارێکی تر لەگەڵ ئەو حەوایەشدا کە لەتە سێوێکی پێبەخشیووە، بەرگی وەهم بەزۆری گومان لەبەر دەکات.

بۆیە دەکرێت بڵێم (ئەنوەر) ئەگەر هەرچییەکی وتبێ، بەلام نهێنی گەلێکی زۆر هەن.

بۆیە (قەدەر) ئەزموونی ئەوینێکی مەرگ دۆستیە، کەلەنێودا دەیەوێت بەدوای ژیاندۆستیدا بگەڕێت، ئەم هاتووە لەرۆحی ئەو وشانەدا موتوربەی کردوون، کە هەڵقوڵاوی بیرو دەرونین و ئیستێك لەبەردەمیاندا دەکات و دەیەوێت ئەو چرکە بریسکاویانەی لەهزریدا هەن فەرامۆشیان نەکات.

بەهیوای سەرکەوتن بۆ لەدایکبونی شیعری دواتر.

سۆزان مامە

2005/2/7





# ڕاستیەك کەدەبێ بیڵێم

**کەی بۆم دەلوێت بەغەمێکی شیرینەوە بگەڕێمەوە**

**منێك کە لەسودەکانی ئاسوودەیی بێ بەشکرام**

**(شکسپیر)**





ئەحمەدی شاملو دەڵێ" شیعر هەمیشە "نایە"، ئێمە ماڵمان لەوڵاتێکە، کە هەوران تەنیا جاروبار دەبارن، بۆیە هەتا هەورێك دەگرمێنێ، دەستبەجێ سەتڵ و تەشت و هەرشتێکی ترمان لەبەردەست بێ دەیبەینە بەر باران"

منیش دەڵێم" من شاعیر نیم، ئەوەش کەلەدووتوێی ئەم نامیلکەدایە، هەر ئەو شتەیە کەدەڵێ" هەر شتێك دیارە بۆ خوازیاری خۆی چاکە" من دەمێکە خوازیاری شیعرم و لەگەڵ شیعر ئاشنام و دەمەوێت پەی بەنهێنی و جوانیەکانی ئەم جیهانە بەرم، بەڵام گەر یەکێك لە پێناسە سادەکانی شیعر ئەوەبێ" کە ئیلهامە" ئەوا، ئەم شیعرانەش بەشێکن لەو ئیلهامەی کە هەمیشە خوازیاری بووم.

من ناتوانم پێناسەی شیعر بکەم، جگە لەوەی وای دەبینم" کێشانی تابلۆیەکی خەیاڵیە لە زهنی ئینسان و دواتر دەربڕینیەتی لەرێگای نوسینەوە" یان حەزی دڵی ئینسانەکانە، یان کاریگەری ئایدیا و ناچۆرالیزم و جوانیەکانی ژیانە"

بۆیە دەڵێم شاعیر نیم، چونکە ڕەنگە ئەمە دواهەمین ئەوشتەبێ کەناوم ناوە شیعر، بەڵام دەزانم ئەمەی کەنووسیومن، دەبوو، هەر بیانوسم و من ببمە خاوەنیان و شانازیشیان پێوە بکەم، چونکە ئەوانە بەشێکن لە خۆزگەو خەمەکانی من و بەدرێژایی چەندساڵ خۆزگەم بۆ خواستوون و شانازیم پێوەکردون و ژانی زۆرم لەگەڵ کێشاون، هەرچەندە ویستوومە زۆر سادەو ساکار بدوێم، ئەمەش بەشێکە لەوەی کەویستومە بڵێم وبەیانی کەم، بەڵام ئەمانە





ئەو قسانەیە کەدەبوو من بیانکەم و ڕاستیەکان بدرکێنم کەبەشێکی زۆریان پەیوەستن بە زیندەگی و ژیانەوە"

هەرگیز نکۆڵی لەوەش ناکەم، کەئەم شیعرانە بێ کاریگەربن، بەڵام ڕەنگە جیاوازیەکە لەوەدابێ، کاریگەری شاعیرانێك، نوسەرانێك لەسەر ئەو شیعرانەیە، کەهێشتا زۆرکەس ئاشنایەتیان لەگەڵیان کەمە، لەبابەتی شاعیران" ئەحمەد بازگر، سوارەی ئێلخانی زادە، ڕێبوار(مصلح شێخ الاسلامی)،شەبەق، ناسرحسامی، کاکە، شەریف).

ئەگەر چی بەهەمان شێوە زۆر پەیوەستم بە شیعرەکانی شاعیرانی ئێرانی (ئەحمەد شاملۆ، سهراب، فروخزاد) ڕەنگبێ ئەوەش هۆکاری ئەوەبێ، کەمانای جوانی و ژیان و سادەیی و ڕاستگۆیی و عشق و





ئەوینم لەچاوی ئەوان، لەشیعری ئەوانەوە هەستپێکردو خۆشم دایە دەست قەدەری ئەو جوانیانە"

گەر ڕەخنەش هەبێ لەسەر ئەوەی کە شیعرەکان، پڕن لە گومان و خۆدانە دەست قەدەر، دەبێ بڵێم" هەمیشە گومان بەشێکە لە ژیانمان و قەدەریش چارەنوسی ئینسانەکان دەنوسێتەوە، ڕاکردنیش لێی مەحاڵە"

پڕم لەنێگەرانی کەدەزانم بێهودەیە، بەڵام وەکو شێرزاد حەسەن دەڵێ" بەبێ گومان ناگەینە یەقین".

دەبێ دان بەوەشدا بنێم دەمزانی کەشیعر نوسین چ قورس و گرانەو لەقەدەری نایەم، بەڵام ڕێگایەکی ترم شك نەبرد ئەم هەنسك و هەناسەو خۆزگانەی لێوە بچڕم، بۆیە پەنام بردە بەر شیعر، شیعرەکانم نەپڕن

لەسۆزو ئاوازێکی وەستاکارو پڕ نەغمەی (دانتی، گۆران، شکسپیر، نالی و هێمن).

بەڵام دەڵێم" زۆر حەزو رازو پەنهانی وان لەدڵما

کە رەنگە جارێکی تر زۆر زووبێ بەشیعر بیاندرکێنم

رەنگە هەمیشە بە خۆزگەیی بمێننەوەو نەبنە واقیع!

**ئەو ژیانەی هەمیشەو دایم ئاواتخوازیبوم**

**پێموانییە قەت قەت پێبگەم.**

**من هەمیشە کارم کردووە بۆ کەسانی تر هەتا قەبرم**

**هەمیشەش تامەزرۆ ماوم**

**بۆ عالەمێك شت**

**عالەمێك شت**

**ئەنوەر (بازگر)**

## گەڕان بەدوای پرسیارەکانی گوماندا...؟

ئێستا ئیدی خەریکی نوسینەوەی گومانەکانم
تا لەنێوان گەیشتن بە یەقین و
داخورانی مێژووی تەمەنم
یەکلا ببمەوە...!

ئیدی لە یەقینی عشقی ئەو کچە
تێبگەم، کە بەردەوام درۆ دەکات و دەگری...؟





لە چریکەی ئەو چۆلەکە حاڵی بم، کە بەیانیان
بە نەغمەی حەزین وەخەبەرم دێنێ.

لە بۆنی ئەو گوڵە، ئاسودەبم کە
بەدرێژایی عومری من
سەوز سەوز دەچێتەوە
دەڵێ قەرسیلە

لەو گوڵە گەنمە، بەهاریە نزیك ببمەوە
کە لە گەورەیدا سەری نەوی کردوەو
دەمەوێت
لەبەر پێیدا کڕنوش بەرم
لە سێبەری تاڵی تیشکی پرچی





زیوینیدا
هەناسە راستگۆکانی ناوگەروی
خنکاوی روحم
بەقەدو لاسکی سەوزی باڵا بەرزی
گەنم رەنگی
پڕ نهێنیدا بهۆنمەوە...!

ئیدی دەمەوێت ترپەکانی دڵی
باران بخوێنمەوە
کەرۆدەچێتە ناخی
گیانمەوەو
وەرزی تەمەنم دەنوسێتەوە

دەمەوێت دڵی دەریا رام کەم

شەپۆلـەکانی تۆفان و
مەنگییەکانی کەنار
لـەباوەش بگرم

دەمەویێت لـە خودا نزیك ببمەوە
تا لـێپرسم چۆن گومانی خولـقاند...؟
چۆن قەدەری سازدا؟
و یەقینی نوسیەوە...؟

گومانی خولـقاند
تا ئینسان گێل نەبێت و
عشق لـەناخیدا بخولـقێنێت
بەردەوام بگەڕێ
بەدوای وەلامەکانی گوماندا





چونکە دواین سەرئەنجامی گومان
فەنابوونە
یان گەیشتنە بە حەقیقەتی گومان

قەدەری لـە چارەی ئینسانەکان
نوسیوە
تا بەقەدەر بەدبەختیی خۆیان
بەدبەختیان کات
چی دی بەدوای چارەنوسێکی
شیاوتردا نەگەڕێن و
هەمیشە کۆیلـەی
قەدەری خواو
قەدری عشق و قەدری گومان و
ژیان بن





قەدەر
ئەی نیهلـیسترین چارەنوسی
ئینسان
کەناتوانی قەت بەیەقینم بگەیەنیٚ
ناتوانی یەقینم بۆ بکەیتە
حەقیقەت
لـە ترسی، گومان، دورمخەیتەوە
لـە شومی قەدەر نەجاتم دەی
ئەی خوا، وەلامێکم پیٚ بدەرەوە...؟
ئینسان کۆیلـەی دەستی خۆیەتی...؟!
یان لـەژێر سێبەری قەدەری تۆدا،
دەبیٚ زیندەگی بکات؟

دەبێ چاوەنوارِی تۆ بکات
لـە گومان دوریخەیتەوە...؟
یان دەبێ بەردەوام گومان
بکات بە خودی تۆشەوە...؟!

مێژووی گومان
لـەگەڵ ناسینی تۆ و ئادەم و حەوا
دەستپێیکرد

گومان، ئەی تاڵـترین حەقیقەتی ژیان
ئەی جوانترین خاڵـی
بەردەوامی گەڕان بەدوای
عشقدا
ئەی ئەزەلـترین بونەوەری





زیندوی ناخی ئینسان
تۆ ئەو پرسیارەی
بەردەوام، بە دواتدا دەگەڕێم
هیچ وەڵامێکم چنگ ناکاوێ
جگە لـە گومان...!

سلێمانی–2006

*ئەم شیعرە لـە ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە.





## عشق لەنێوان شەوو ڕۆژێکدا...؟

(1)

شەوێك هەیە، وەکو مژدەی لـەدایکبوونی
مەریەمی مەسیح
شادی ئەبەخشمەوە
کوێرەکان، بەروناکی ئاشنا ئەکەم
ماچ ئەبەخشم
دلـم ئەکەمە هێلانەی باڵـندە تەنیاو تەریکەکان

دالّدەیان ئەدەم و جێیان ئەکەمەوە...!

*   *   *

ڕۆژێك چ شوومە، وەکو لە خاچدانی
مەسیحی مریەم
پێموایە دوا دەرفەتی زیندەگی و
ماچ و عشق و ئایندەیە
پەنا بۆ ئەفسانەو
دوعاو جادوو
ئەبەم
ئەچمە بەرقاپی
ژنە قاوەگرەوەکە
تا
چارەنوسم دیاریکات
چاوەڕوانی موعجیزەیەکی خوام





ڕزگارمکات لەو
ستمکارییەی ئەویندارەکەم

(2)

شەوێك هەیە کەمانگ تێیدا ئاوا نابێت
حیکایەتەکانی هێندە
جاویدانین
جوانیەکانی هێندە
سەرمەدین
هەرگیز تەواو نابن.

*   *   *

ڕۆژێك هەیە کەخۆر تێیدا هەڵنایەت
بێ ودمیەکانی دڵم
کون کون ئەکەن





زیزبونەکانی، لێدانی دڵم خێراتر دەکەن.
دەترسم
زۆر دەترسم
بە چارەنوسێکی ڕەشم بگەیەنن

(3)

شەوێك هەیە، پڕ لەدەنکی مرواری
بەر تریفەی تیشکی مانگەشەو
ئەستێرە ماچبارانم دەکەن
خوا نور ئەخاتە دڵمەوە
سەر لەنوێ تەمەنم دەنوسێتەوە
ماچ تنۆك تنۆك
وەکو بارانی بەهارانەی
ناو پەڵە گەنمی سەوزو قەرسیلی کێڵگەکانی تەمەن

رۆدەچێتە درزو کەلێن و
کەلـەبەرەکانی روحمەوە
روحێك
کەهیچ شەوێك هێندە
هەست بە عشق و ئاسودەیی ناکات
روحێك کە پێشتر داروخابوو

*     *     *

رۆژێك هەیە نەگریسترین چرکەکانی ژیانم
بەرێدەکەم
گریان سەبوری دڵم نادات
ئەستێرە ئاسمانی روحی جێهێشتوم
خوا لـە محبەتی خۆیی
لـەعەبدەییەتی خۆی
بێ بەشی کردووم





سات بە ساتی تەمەنم دەسڕێتەوە
فرمێسك، وەکو چۆڕی تێزاب
رۆدەچێتە ناخمەوە.
پەڵە گەنمی ژەنگگرتوی
تەمەنی جوانیم
دەکوژێت
رۆحێك کە بەدرێژایی تەمەنم
هێندە سەرگەردان نەبووە.
رۆحێك کە بڕستی لـەبەر بڕاوە

(4)

شەوێك هەیە، گومان گەیشتۆتە حەقیقەتی
یەقین
جەستە بەرگی سپی تەنکی شەوی





هەنگوینی پۆشیوە.
لێو وەکو دەنووکی قەقنەس بۆ ماچی
گوڵ
خەریکە سوێبێتەوە
هەناسە وەکو بورکانی گڕگرتوو
قوڵپ ئەدات
واهەستدەکەم
هەرگیز، هەرگیز رۆژنابێتەوە

*     *     *

رۆژێك، کە گومان تەمەنێکی جاڵجاڵۆکەییە
جەستەم داڵێکی رەشی مەلوول
لێوم تۆراو لـە ماچ
هەناسەم تەم داگرتوو
واهەستدەکەم

هەرگیز، هەرگیز شەوێکی وەها نایەتەوە

(5)

شەوێك هەیە، لەبەر چرایەك ڕۆژ ئەکەمەوە
کەپەروانە عاشقی گڕە
شەوە زەنگ بۆتە چراخان
چرا کزکز دەسوتیٚ و
دووپاساری ئاوێزانن
ئا بەو شێوەیە لەو شەوەدا
تابلۆیەك ئەنەخشیٚ

* * *

ڕۆژێك لەبەر خۆر بەسەر ئەبەم
کە پەروانە ماخولیایەتی
ڕۆژ ڕەنگی شەوی گرتوە





دوو پەرەسێلکە هێندە بەتاسەوە ئەجریوێنن
دڵی زاڵم دائەخورپێنن

(6)

شەوێك بەئەلبومی تەمەنی تۆدا ئەچمەوە
چەندە سەختە دوری لە تۆ
چەندە سەختە شەوی بیٚ تۆ
ئەو دووشتەی کەهەرگیز لەیادم ناچن
شەوی گەڵ تۆ
مەرگی باوکم
ڕۆژی بیٚ تۆ
مەرگ بیٚ تۆ

* * *

ڕۆژێك بە ئەلبومی تەمەنی خۆمدا ئەچمەوە





چەندە سەختە شەو، ڕۆژو ژیان و عشق بیٚ تۆ
ئەو دووشتەی کەهەرگیز لەیادم ناچن
عشقی پێش تۆ، خیانەت لە تۆ
خاڵی لەعیشق و پڕ لەسەراب
خاڵی لە جوانی و پڕ لە گومان
بەسەرچونی تەمەن و دوری لەتۆ
ئەو ڕۆژانە
ئەلبومێکە تاڵ و تاریك

(7)

شەوێك بیرەی تاڵ و ماچی هەنگوینی تۆ، لەگەڵ تۆ
جەهەنەمێکی گەڵ تۆ
نایدەم بە بەهەشتێکی بیٚ تۆ.

* * *

رۆژێك هەنگوینی شیرین و ئاوی كەوسەری بێ تۆ
بەهەشتی شارەكەم
ماڵەكەم، جەهەنەمە
دەنگی خالقی، فلوتی ماتەمە
چاوەكانی بوزورگ،
فەرەنگیسی
بەخەمە.
بەهەشتی شارەكەم
تابلۆ زێرینەكەم
هەرگیز لەیادم ناچێت شەوێك لەگەڵ تۆ
رۆژێك بەبێ تۆ
شەوێك لەگەڵ تۆ
رۆژێك بەبێ تۆ
تەنها ماچێك





عەشقی تۆم بۆ دەكاتە
هەموو شەوێكی گەڵ تۆ.

سلێمانی
2007/3/5

*ئەم شیعرە لە ئەدەب و هونەری كوردستانی نوێ بڵاوكراوەتەوە





## گومانێك پڕ لەخۆشەویستی

من بونەوەری دەست گومانم
بۆیە چارەنوسم لەدەستی قەدەردایە
ئەوجارانەش، كەمرۆڤێكی بەئیرادەم
لەترسی گومانی سبەی، ناتوانم
بڕوا بەخۆم بكەم.
تۆ پێمیدەڵێی،

تۆ گومان لەخۆشت دەکەی....
منیش دەڵێم، راستە...!
من خوڵقاوی دەست گومانم و ئیرادەم وا لەژێر
کابوسی گوماندایە
بەڵام،
دەمەوێت پێتبڵێم،
چەندی تر گومان بمەتەنێ
گومانی زیاترت لێدەکەم
چونکە،
خۆشمدەوێی...!
گومانەکانی من
لەساتەکانی، عشق
ژیان
جوانی





راستیدا
پەرەدەگرێ

بەڵام، هەرگیز تۆ لەبیر ناکەم
تۆ گومانی منی، یانی عشقی منی
تۆ گومانی منی، یانی خەیاڵی منی
تۆ گومانی منی، یانی بڕوام پێتە...!

نازانم، چۆن گومانم لێت دەستپێکرد
نازانم، چەندەی تر گومانت لێدەکەم
بەڵام دەزانم هەمیشە خۆشمدەوێی

تۆ ناتوانی پەی بە خەیاڵی من بەریت...!
تۆ ناتوانی هەست بەخرۆشانی من بکەیت...!





تۆ نازانی کەدورم لێت, چەند تامەزرۆیت...! دەکەم
کەنزیکی لێم, چۆن بۆت دەگریم
بۆیە
چەند لێت بەگومان بم
زیاتر خۆشمدەوێی...!
خەڵك گومان لەدوژمنەکانیان دەکەن و دور
دەکەونەوە
من لەعاشقەکانم و هەمیشە نزیك دەبمەوە
ئەوان هەمیشە لەبۆسەدان بۆیان
من هەمیشە دڵم ئاوەڵایە.

سلێمانی
2005/6/28

*ئەم شیعرە لە ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە

# گومانێك پڕ لە خۆشەویستی
# قەدەرێك پڕ لە خیانەت

"ژیان جەنگە، وەزیفەی مرۆڤ سەرکەوتنە"
– نیکۆس کازانتزاکیس–

چەندە لێت بەگومان دەبووم
زیاتر خۆشمدەویستی
چەندە خەوم دەزڕاو گومان دەبوە خولیامو
شەوان هەراسان دەبووم کەچی هەمیشە





دەمویست جوانترین خەونت پێوە ببینم
تا لەوهەمو گومانەکانی دوێنێوە
بگەمە یەقینی داهاتوو
***
چەند لێت بەگومان بووم
زیاتر خۆشمدەویستی
خەڵك گومان لەدوژمنەکانیان دەکەنو
لێیان دوردەکەونەوە
بەبینینیان جاڕس دەبن
کەچی من هەمیشە, بەگومانەوە, لێت نزیکدەبوومەوە
و حەزم بەراموسانت دەکرد.
ئەوان هەمیشە لەبۆسەدان بۆ تاوان و جینایەت
منێك, هەمیشە لەبەردەم تاوان و خیانەتەکانی تۆدا
هەنگاوی عاشقانەم ناوە





***
تاوانەکانت بەهەڵە
خیانەتەکانت بەهەڵە
درۆکانتم بەهەڵە
لێکدایەوە.
کەچی تۆ (حەوا)یانە لەپاڵ شەیتاندا هەڵەت دەکرد
هەڵەت دەکرد
هەڵەت دەکرد
نێوانی هەڵەو هەڵەیەکی ترت
نێوانی خیانەت و خیانەتێکی ترت
تەنها چەند (چرکە)یەك بوو
چونکە هەمیشە دڵت سوڵتانی عەقڵت بوو
لەنێوانی باش‌و خراپدا
بەدوای خراپتردا دەگەڕایت

***

سیحری عشق لای تۆ، خیانەتە
بەردەوامیشی، محنەتە

***

چەند لێت بەگومان دەبووم
زیاتر خۆشمدەویستی
چەند خۆشمدەویستی
زیاتر لێت بەگومان دەبووم
بەڵام تۆ لەسیحری گومان تێنەگەیشتی
چونکە مانایەکت نەدابەعشق
بەخەون
بەمن و
بەمن
بەمن





تۆ بونەوەرێکی (سادیزمانە)دەژیو
خیانەت بۆتە (سایە)ت
تۆڵە بۆتە , شکستخواردوترین هەوڵت
هەمیشە خیانەت بەخیانەتی نوێتر دەسپێری..!
تۆڵە لەوانەش
وەکو (باز), چاوتروکانێك عشقی تۆ لە یادناکەن

*****

گەر بڕیار وایە, عشق
چەندە جوانە، ئەوەندەش ناشرین بێ
چەندە گەورەیە، ئەوەندەش بچووك بێ
چەندە دووردرێژە، ئەوەندەش کورت بێ
بەڵام هەرگیز قەرارنییە پڕ بێ لەدرۆو خیانەت

***





قەدەری ئەم عشقە وابوو
کەبەگومان دەستپێبکات
بەڵام گومان شکستی پێنهێنا
بەڵکو ئەوە (حەوا)یەکی جادوگەرە
وا دەخوازێت...!
(حەوا)یەك کەدەیەوێت
عشق پڕ پڕ بێ لەخیانەت
عشق بەتاڵ بێ لەراستیو خەونو ئایندە.

2005/7/6

*ئەم شیعرە لە ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ بڵاوکراوە

# عاشقێکی دۆڕاو
# بونەوەرێکی پڕ لە گومان

**"تارمایی هەندێك كارەسات تا مردن لە كۆڵت نابێتەوە"**
**"رەئوف بێگەرد"**

ئەمە مەتەڵ نییە
سەرگوزەشتەی گومانە جوانەکانی عیشقە
واملێدەکات





هەمیشە لەعیشق راکەم و
بە گومانەوە بگەڕێمەوە سەر ئەزەلیترین
چرکەکانی
ماچ و راموسان و نیگا سیحراوییەکان

ئەمە حیکایەت نییە
شەڕەکانی عەدەمە لە رۆژگاری یەکتر ناسینەوە
بۆ گەیشتن بە یەقین
وەکو حیکایەتی خواو ئادەم
ئادەم و حەوا
سەرەتای کۆتایی یەو
کۆتایشی پڕ پڕە لە جوانترین ساتەکانی گومان

من دەزانم بێ تۆ





خوایەکم بێ مەملەکەت و ئوممەت
ناتوانم سادەترین بەهەشت
دروستکەم و
جەهەنەمێکی ئاگرینی پڕ لە عشق و دوور لە گوناح
بخوڵقێنم

من دەزانم بێ تۆ
لەیەکەم ترپەی دڵی بێ نازو
لەیەکەم هەناسەی دەردی دووری و
لەیەکەم زەنگی تەلەفونەوە
بێدارم

من بونەوەرێکم
لەخوا یاخی

لەعیشق بەگومان
لەمەرگ راکردوو
لە تاریکی راچەڵەکیوو
لەماچ دۆڕاوم

من بونەوەرێکم
قژم لەبەر تریفەی لیخنی کانیاوێك دائەهێنم
درۆ لیّلی کردوە

تەمەنم لەبەر سێبەری عشقێکدا بەسەر ئەبەم
خیانەت دایڕزاندوە

لێوم لەبەر روناکی ئاوێنەیەك سوراو ئەکەم
ماچ زۆر لەمێژە جێهێشتوە





مەرگم ئەخەمە تابوتێکەوە
خاك لەخۆی ناگرێت
دەریا لەگەڵ خۆی نایبات
ئاگریش نایسوتێنێت
تەنها
تەنهایی باوەشی بۆ گرتوە

دەریاکم
نەپڕم لەدوڕو گەوهەرو ماسی نەسروتوو
شوپۆلێکم، لە نمەی بارانی بەهار
تکەی شەونمی بەرەبەیانو
ئاوازی گیتارێك دەچم
من دەریاکم هەرگیز ناگەمە
مەنزڵ





من دەزانم
بێ تۆ
ژیانێك بەرهەم نایە دور لە
سنوری مەرگ
قەدرێك رێکناکەوێت
بگاتە یەقنی گومان و
خۆشەویستیەکیش،
نایەتە وجود
کە چانس یەکجار روو تێبکات

من بونەوەرێکم
بێ ئەفسانە ژیانم مەحاڵە...

زۆر لەمێژەو وەرێگاوەم
لەیەکەم ساتی ماچ
یەکەم نیگای درۆزنانە
یەکەم خیانەتی عاشقانەو
یەکەم نیگای فریودەرانەو
یەکەم ساتی پوچیتیەوە

من بونەوەرێکم
وام لەباوەشە گەرمەکانی گومان
لەناو دڕکە تیژەکانی خیانەت و
لەساتە تەزیوەکانی بێ پەیمانی
لەخەونە ترسناکەکانی گومان و
لەنهێنیە ئاشکراکانی سەفەر
لەدرۆ سپیەکانی ئایین





"من لە مردنی ئارامدا دەژیم"*
"ئەی مەرگ خۆشەویستی گومان دەمکوژێت"**

2007

* قسەیەکی جەنگیز ئیتماتۆفە"
**قسەیەکی رۆمان رۆلانە"
*ئەم شیعرە لە ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ بلاوکراوە.





## عشق و گریان

تانەگریەم و فرمێسك نەڕێژم
نازانم
تامی گریان وخۆشەویستی تۆ
لێمگەڕێ
بابگریەم
بابەیادی خۆشەویستیت

لەقولّپی قورگی گریانەوە
وەکو, شەونم بتکێمە سەرچلّی گولّی
بەربەیاندا.
لێمگەڕێ
با بگریەم
بابەیادی خۆشەویستیت
وەکو قەقنەس
بەئاگری گڕی خۆم بتوێمەوە
لێمگەڕێ
بەسەرخۆشانە ستران بلّێم
بابە یادی دوریت بژیم..

بازیان
2000/3/15





## عشق و قەدەر

هەرچەند بیرت لێدەکەمەوە
ناگەم بەهیچ...!
لەنێوان خەون و واقیع دا
وام لەنێوان قەدەرو گوماندا...!
ناسکی پەپوولە بەرق
تریفەی مانگ بەسیاە





تەرزەی مێو بەپەتی سێدارە
لەچاوی تۆەوە
لەدلّی تۆەوە
دوو مانایان دەدەمێ...!
کەنزیکی لێم,
هەست بەلێدانی بەپەلەی دلّم دەکەم
کەدووری لێم,
گومان سەراپای روح وخەونم دەسڕێتەوە
چ گوماناوییە
بەگومان ناگەم بەیەقین
واقعیش بێ مانترین, حەقیقەتە
چ گوماناوییە
لەنێوان دوو قەدەردا
خەریکە فەنا دەبم و بۆ ئەبەد

لەسەر نەخشەی عشق

دەسڕێمەوە

چ کارەساتە

بیٚ تۆ ناژیم و

ناشتوانم لەگەڵ تۆدا بژیم...!!

سلێمانی
2003



قەدەر

## عشق و گومان

عشق

ئەی پڕ گومانترین گومان

ئەی ئەزەلیترین, مانای یاخی بوون بەهەشت

ئەی دزێوترین جوانیەکانی مرۆڤ

ئەی ئەفسووناویترین سیحر بۆ داپۆشینی

قێزەونترین مانا



قەدەر

ئەی بیٚ ودمترین, ماناداری

پڕ ئەفراندن

ئەی پڕ خەیاڵترین, لەئەزەلەوە بۆ

بیٚ ماناترین ماناکانی ژیان

ئەی دڕندەترین فریشتەی جیهانی

خوا

من ناتوانم

پەی بەسیحرو نهێنەییەکانی

بەدحاڵیبون بەرم

بەڵام!

دەزانم

سەرەتایەکە بۆگومان و نەگەیشتن بەیەقین

بۆیە

هەستدەکەم

هەموو نیگاکانی عشق
دەچنەوە سەر قەدەری گومان..گومان

سلێمانی
2003/12/13

*لەپاشکۆی ئەدەب و هونەری ڕێبازی ئازادی بڵاوکراوەتەوە





## لە ستایشی تۆدا

نەمزانی بێ قانوونیە,
هەموو ئاسمانم لەیەك ئەستێرەدا کۆکردەوەو
لە تیشکی دەم بەیانەوە
پەیوەست بەهەناسەی تۆ
ناسکی شەونمم پێناسەکرد





نەمزانی بێ قانونیە
گشت خەونەکانی پشت نەستم
لەسیرەی چاوەکانی تۆدا خوێندەوە
هەموو موعجیزەکانی پێغەمبەرم بە هیچ دانا
لەجیاتی مەدحی خوا خۆم تەرخانکرد
بۆستایشی تۆ

نەمزانی بێ قانونیە,
ناسکی هەموو کەلامێکم , لەجیاتی پەپوولە
لەنەرمی هەناسەی تۆەوە بۆن کرد
"دەنگی بێ ئاوم"*
لەنیگاکانی تۆ گوێ لێ بوو

نەمزانی بێ قانونیە,
حەشری جەننەتم بۆ خێرو شەڕ
لەوەصڵی تۆدا . لێكدایەوە
هەموو جادوەكانی شەیتانم
بەسروتی تۆ بەتاڵكردەوە

نەمزانی بێ قانونیە,
هەموو حەقیقەتم , لەپاش گومانەكانی تۆ
سپارد بە یەقین
هەموو , درۆكانم لەپاش حكایەتی تۆ
سپارد بەراستی
هەموو تاریكیەكانم , لەپاش گەڕان بە ناخی تۆدا
سپارد بە نوری خوا ...





هەموو گوناهەكانم , كردە ملوانكەیەك و
لەملی قانونمدا ...

**2003/6/21**

*ئیلهامی ئەم شیعرە شیعرێكی "بەختیار عەلی"یە بەناوی
بۆهێمی و ئەستێرەكان
**دێڕە شیعرێكی سهراب سپهریە
لەپاشكۆی ئەدەب و هونەری كوردستانی نوێ بڵاوكراوەتەوە





## (حەوا)یەك لەوەهم

خەوێك دێت و دەمباتەوە بۆ ئەزەلترین مانای ژیان
غەمێك دێت ودەیەوێت ناسنامە وبوونم بسڕێتەوە
كەسێك دێتە وجودمەوە
وادەزانم.
هەموو ژیانم دەكاتە خەون و

هەموو خەونەكانیش دەكاتە ئایندە
زیاد لـەمانایەك دەدات بەجوانی
بەعیشق
بەحەوا
ئەی چارەنووس
كەمن دەستم لـەقەدەری نوسینەوەتدا نەبوو
لـەئیرادەی من بەدەربوو, دەبێ گوناهم چی بێ..؟
تا وا راهاتم
باوەڕبهێنم, بەهەموو گومانەكان و
سیحری چاوەكانم بۆ نەخوێندرێتەوە
لـەگریانی حەوایەك لـەوەهم تێنەگەم
من سادە بووم
هەموو واقیعم دایە دەست خەون و
هەموو غەمێكم بەیەقینی خەون راستكردەوە





هەموو پاكیزەییەكانی مانامدا بە حەوا
هەموو سووژدەكانی ئیمانم
لـەخەونی تۆ بەهەدەردا...
هەموو ژیانم لـەیەك مانادا كۆكردەوە
من ساویلكەبووم
كەویستم بەڕاستیدا بگەمە یەقین و
خەونەكانم بكەمەماڵێك لـەئایندە
لـەگەڵ حەوایەك لـەوەهم
من ساویلكە بووم
هیچ مانایەكم بۆ جوانیەكانی نهێنی نەهێشتەوە
تا مانایەك بدەنە راستیەكانی ئایندە
هیچ مانایەكم بۆ سیحرەكانی عەشق نەهێشتەوە
تا تەلیسمەكانی عەشق بەجاویدانی بمێنێتەوە
هیچ مانایەكم بۆ نیگاكانی خوا نەهێشتەوە





كەلـەدڵما چاندبووی
كەوتمە تەڵەی شەیتانەوە
كاتێ ماسكی حەوای پۆشیبوو
* * *
ئەی حەوایەك لـەوەهم
زیاد لـە لـەتی سێوێكت پێشكەشكردم
بەڵام نەتتوانی, زیاد لـەمانایەك
بدەیتە ژیانم
سێوێك كەمانایەك نادا بەژیان
سێوێك كەمانایەك نادا بەخەون وئایندە
جگە لـەشەهوانیەتیەكی بەتاڵ
هیچ مانایەكیش نادا بەماچ
***
تۆ لـەعەدەمیەتی حەقیقەت تێگەیشتی

بۆیە باوەڕ بەنوری خوا ناهێنی.
تۆ لـە حەقیقەتی ئادەم تێگەیشتی
بەڵام تەونەکانی شەیتانت لاپیرۆزتر بوو
تۆ گشت سیحری گومانەکانت زانی و
گەیشتی بەیەقینی گومان

سلێمانی
بەهاری– 2004

*ئەم شیعرە لـەئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە





## سەحرایەك لەبێ ئومێدی

کەچاو لـەئاسمان دەبڕم
لـەناو تاریکیدا نقوم دەبم
ورشەی نەرمی با
بەخەمەوە لـە خۆم دەپێچم
بەردێك دەکەمە
سەرینی بیرەوەریەکانم
و





تکەی نەسیمی بەربەیان
وەرزی تەمەنم دەنوسێتەوە ...!

*　　　*　　　*

من سحرایەکم
دەمەوێت هەنگاوە ونەکانم
لـە بیابانی " لم " ستان جێ بهێڵم
تا ئەوە بنوسمەوە
کە قەدەر لـە چارەی نوسیوم

*　　　*　　　*

من ئەزەلـترین بونەوەری دەست گومانم
بۆیە دەمەوێت
لـەسحرایەك دوور لـە چاوی ئەستێرەکان
بیرەوەرییەکانی گومان بنوسمەوە
بنوسم "

ئاسمان جگە لـە تاریکی
سحرا جگە لە بێ دەنگی
حەوا جگە لـە گومان
دەریا جگە خنکانی (سەمەد* و ئەمیر** )
و شەپۆلی تۆقێنەر
عشق جگە لـەوەهم
چارەنووس جگە لە موسیبەت
هیچی تر نیە .

*　　*　　*

ئێمە هەمیشە لـە خەمی مردواندایین
گومانیش ژیانمان دەنوسێتەوە
ئێمە هەمیشە هەنگاو دەنێین
بەڵام لە لوتکەی پووچیدا دەگیرسێنەوە
ئێمە تەمەنی ساختە بەرێدەکەین





کە مەرگ دواهەمین چارەنووسی دیاریدەکات
ئێمە سوپەرمانانە خۆمان دەردەخەین
بەڵام عەدەمترین , عەدەمی مەخلوقاتین
ئێمە دەمانەوێت گوێ لە ئاوازەکانی ژیان بگرین
نازانین ڕایەڵەکانی عەقڵ بەوەهم چنراوە

ئێمە دەمانەوێت بە ئاشتی ئاشنا بین
بەڵام جەنگ لە دڵی هەمووماندایە
ئێمە دەمانەوێت گوڵی تەمەن بروێنن
هەمیشە دڕکی جەنگەڵستان باڵادەستە
ئێمە واین لـەنێوان"
ژیانی پڕ مەرگ
ئاسمانی بێ ئەستێرە
چارەنووسی پڕ قەدەر





ئیلهامی گوماناوی
ئێمە لـەبەردەم ژیاندایین کە سڕینەوەی ناسنامەی
ئینسانی هەڵگرتوە

26 ڕێبەندانی– 2004

⋆مەبەست سەمەدی بهرنگی‌یە
⋆مەبەست ئەمیر سیسریە (ئاڵی)

## قەدەر

من لـەجەنگەڵستانی سۆزەوە
بەرەو قەدەری عشق هاتم
بۆیە هەرچەند ویستم
وەك سیزیف بگەمە لوتکە
بەڵام لـە
لـوتکەی پوچی ونائومێدیدا گیرسامەوە.
من قەدەری شوم, دەستی لـەچارەنوسمدا هەبوو.
بۆیە گلـەیی لـەخوا ناکەم.
من لـەئەزەلـەوە, بەکێوی قەدەردا هەڵزنام
بۆیە کەوتمە بەر لـەعنەتی قەدەر...!





## چارەنوس لـەبەردەم
## دایکێکی جەلاددا

"شیعر باسکردنی ئەو ڕووداوانەیە، دەشێ لـە داهاتودا ڕووبدەن"
"ئەرستۆ"

ئیدی بە دایکت بڵێ , با نەبێتە جەلاد
چونکە
ئەو سەرکردایەتی یەکەمین یاخی بوونی کرد لـە بە
هەشت
ئەو وەك ئافرەت





ئەو وەك حەوا
ژیان ئەو دروستیکرد
ئیدی بۆچی دەبێتە جەلادی
چارەنوس ...؟!
*　　*　　*
تکایە , شەوێك چرایەك لـەبەردەمیدا داگیرسێنەو
قەسیدەیەکی فروغی بۆ بخوێنەرەوە
باکەمێك لـەبیرەوەرییەکانی ڕۆژانی گەڵ
باوکت بۆ بگێڕێتەوە
وپاشان
لـێی پرسە ...؟
دایکە ؟
ئەرێ دایکە ؟
باوکمت خۆشدەوێ ؟!

ئەوسا
یان سەربووردەی
عشقی خۆیت بۆ باسدەکات
یان بێدەنگ دەبێت و
دڵۆپ , دڵۆپ
ئەسرین لەچاویدا دەتکێتە خوار
چونکە گێڕانەوەی مەحاڵە ...
* * *
پاشان لێی پرسە ؟
دایکە...؟
دەزانی , تۆ زۆر رقت لەجەلادە..؟
کەچی خۆت جەلادی عشقی....!
دەزانی, باوکمت بێ سنورخۆشدەوێ ..؟
کەچی رقت لەپیاوە !





دەزانی , عشق تۆی گەیاندە ئەم چارەنوسە ...؟
کەچی چارەنوسی من لەسایەی تۆدا
لەبەردەم هەڕەشەدایە ...!
* * *
پێی بڵێ " دایکە !
ئەو , تۆی خۆشدەوێ
جارێك وەکو ژن , کە سەرکردارییەتی یەکەمین
یاخیبونت کرد لە بەهەشت
جارێك وەك دایکی دووەم
پێی بڵێ, ئەو قسەیەکی فروغت پێی دەڵێ
"هەنگاو بە رێگا زیندوە ..!"

سلێمانی–2003

⋆ئەم هۆنراوەیە لە رۆژنامەی رێوان بڵاوکراوەتەوە





## لێکچون

"پێشکەشە بەهەناسەکانی شەو، تریفەکانی مانگ"

دەکرێت یار بەمانگ وەسف بکەیت
تا لەغەریبی بەئاسمانی خەیاڵتەوە
هاوسەفەر بێت
تا چرای رێگای تەمتومانی
شەو بێت
تا ئیلهامی ژانی شیعرێك بێت

کە سەر گوزشتەی ئەوینێکی سەرمەدی بێت
تا
پرچی یار بەدرێژی شەوو
گۆنای بەتیشك و تریفە
باڵای بەنور
بشوبهێنێت
دەکرێت یار بەمانگ وەسف بکەیت

تاران
15- 2003-5





## لە دەستدانی خۆزگەکان

من بوومەتە
ئەو پەپوولەیەی
کەباڵەکانی
بەشوعلەی چرا لەدەستداوە
چی دی
ناتوانێ بفڕێ و





ئاسمانی خەیاڵی جوانی تەی کاو
بخولێتەوە
من
وەك ئەو پەپوولەیە وام
چوونکە
خۆزگەکانم لەدەستداوە...!

2000/9/17

## وڵاتی شەڕ

دووساڵ

لەمەو بەر

ماڵێکی خنجیلانەم

پێکەوە نا

کەگشت

حەزەکانی ژیانمی تێدابوو...

تا بۆ ئاینده





تێدا بحەسێمەوە...

کاتیێ ویستم

سەفەر بکەم

بۆ هەندەران

سەری خۆم هەڵگرم

بۆ وڵاتی نامۆو غووربەت!

گشت

ماڵەکەم

هێنایە, سەر سەودا

کەچی

تەنها

تفەنگەکەم

پارەکەی خۆی کردەوە..

2000/4/30





## دووانەی ژین

هەوری ئاسمان

بەبارانی پەڵە

دووگیانە..

و چاوەکانی

تۆش

بەفرمێسك

خۆری ئاوات
بە
گەرمی نەشئەبەخش
و
دڵی منیش
بە
عشقی تۆ

2000/5/10





## نیگا*

هەموو عشقێك,
شێتانە بێ
ئەم عشقەی من نا...!؟
چونکە
دەمەوێ تەنها
بەنیگا
یەکترمان خۆشبوێ
بەچاوانی پڕنهێنی..!





چونکە لای من
"خۆشەویستی
پێش ئەوەی ببێ بەترپەو,
لەرزەکانی دڵ
وەرە, لەچاواندا
لەنیگادا,
بۆی بگەڕێ"*
نیگا حەشارگەی عاشقی
دەروێشانەوە
تاقیگەی دڵی
پەرێشانە

ئازیزم
وەرە
گوێ لە لێوی خامۆشم بگرەو

لە
نیگام
بڕوانە
بزانە, چەندە
تامەزرۆی عشقێکی ئەبەدی و
ئەزەلی تۆن
لێم بڕوانە
لێم...!
تەنها بەنیگا
بایەکتزمان, خۆشبووی
وەکو
شەونم و گوڵ
سەراب و گەڵا
وەکو
مانگ و دەریا





چاوو فرمێسك
وەکو
دڵ و خۆزگە

با, عشقەکەمان
هێندە, پەنهانی و کاریگەربێ
بێ ودم بێ
بێ ودم بێ
پڕبێ
لەنیگا

1999-10-12

*دێرێکی هیوا قادری شاعیرە
*ئەم شیعرە لەرۆژنامەی رێوان بڵاوکراوەتەوە.





## گومان

لە هەموو زەمەنی ژیانم
گومان سەراپای روحم دەخوات
دەمداتە دەست شومترین قەدەر
واهەست مەکە
ئینسانێکی تەواوم و چارەنووس لەگەڵمدایە

من کۆیلەی گومانم
لە جوگرافیای عشق و جوانی و سروشت
زۆر هەوڵمداوە
لەم مۆتەکەی چارەنووسە دەربازبم
بەڵام هەمیشە فاشیلاترین هەوڵم بەهەدەر داوە





# شکاندنی قفڵی دڵ*

"پێشکەشە بەو ژن و کچانەی کە قفڵێکی ژەنگ گرتوویان
لەدڵ و دەست وپێ دراوەوسەدان بزەیان تاسێنراوە"

لە دڵە زیندانیە,بچکۆلە,قفڵدارووەکەی
تۆدا
کە هەر هێندەی لیمۆیەکە





هەزاران راز, بەپەنهانی خۆیان حەشارداوە
لەچاوە,خەماوییەکانی,ژێر برژانگی ڕەشی
تەمگرتودا
کەهەر هێندەی موورویەکە
هەزاران ڕوانین, بێ هەنگاو بەجێماوە
لەلێوە, زەرد هەڵگەڕاوەکانی,نامۆ
بە بزە
کەهەر هێندەی خونچەیەکە
هەزاران تامەزرۆیی,دڵڕەقانە تاسێنراوە
منیش
دەمەوێت
بەماچێکی سەرمەدی
وەکو, کانی لێوەکانت بزێنمەوە
بەنیگایەك

وەك مانگەشەو, دیدەكانت بژێنمەوە

بەكلیلێك,

كەلێوا لێوە لەعشق

قفڵی دڵە,لیمۆیەكەت بكەمەوە..

*ئەم شیعرە, سەرچاوەكەی شیعرێكی بەرنامەی هونەرو ئەدەبی پێشڕەوە





## گێڕانەوەی مێژووی
## عشقێكی شكستخواردوو..؟

بۆ هەموو عشقە شكستخواردووەكان, كەقەدەر چارەنوسیان دیاریدەكات"

یادەكانت

مێژووی تەنهایمن

لەكۆلیتێكی ئەم جیهانە بەرفراوانەدا





خەریكی نووسینەوەیانم

* * *

لە نەسكی یەكەمدا:

ڕایەڵەی یەكتزناسینمان و

دەبمەوە

بۆ چاوتێبڕین و نیگا سیحراویەكانو

عشقە بێ ودمەكانی

سەر كورسیەكانی ناو زانكۆ

* * *

لەنەسكی دووهەمدا:.

بەپڤە ناسكەكانی,لێكنزیكبونەوە

دەستپێدەكەم

كەلە دوو توێ نامەیەكدا

بۆم نووسیبووی

"خۆشەویستی چارەنوس"[1]
چارەنوسیش بەملـلـی مرۆڤەکانەوەیە...!
لـەکۆتایشدا, نووسیبووم:
"بەهیوای دیدار"
*   *   *
لـەنەسکی سێهەمدا:
بەو وتەیەی تۆ دەستمپێکرد
کە نووسیبوت:
"ئەگەر چی ژیان,بەعشق و خۆشەویستیەوە جوانە"
بەلاّم
لـەم مەملـلـەکەتە,نامۆیەدا
وەوتبووت "دێن بۆن بەدەم ودلـمەوە دەکەن
نەکا ڕۆژێك وتبێتم,خۆشمدەویٚ..."[2]
نوسیبووت:".لـەناو میحرابی مزگەوتا





خۆشەویستی لـەدار دەدریٚ..."[3]
کۆتایشت,بەوە هێنابوو,
سەرەڕای ئەم کۆسپانە,خۆشمدەویٚ!!
*   *   *
لـەنەسکی چوارهەمدا:
ئەو ئومێدە دەگێرمەوە
کە هیوامان بۆ دەخواست,بۆ ئایندە پیٚی بگەین و
نەخشەمان بۆ دادەنا...؟!
*   *   *
لـەنەسکی پێنجەمدا:.
باسی پێچەوانەی,بارگەی دوامەنزلـگای عشقستانم
کردوە
کە دوا سالّ, کۆتایی هات
بەکۆلّیٚ فرمێسکەوە,لـەیەکتر دوورکەوتینەوە...!





تەنها پەیوەندی
کە داهاتووی من و تۆی پێکەوە گریٚ دەدا
نامەکان بوو...!
نامەکان ببوونە,
"چرای پەیوەندی تاریکی " [4]من وتۆ
*   *   *
لـەنەسکی شەشەمدا:.
باسی شکستی ئەو عەشقەت بۆ دەکەم
کە تۆ بەدەستی خۆت, خستە گۆڕەوە
منیشت لـەگەلّیا ناشت...!
خۆشت بۆ سەفا و بەزمی ڕۆژگار,
خۆت خزاندە
پالّ پیرە کەمتیاریٚ و
بەئاسماندا, خۆت گەیاندە

مەمللەكەتی بێ خەون

سلێمانی
2000-9-11

1-وتەیەکی فەیلەسوفی ئەڵمانی نیچەیە
2-دێڕە شیعرێکی ئەحمەدی شاملوە
3-دێڕە شیعرێکی ئەحمەد بازگرە
4-دێڕە شیعرێکی فروخ فروخزادە





# خۆزگە و وەسفێكی پەنهانی

لەگوڵ ناسكتر
برژانگەكانی تۆیە
لەبۆنیش, خۆشتر
هەناسەی تۆیە
لەگۆمی مەنگی...بەرتیشكی خۆرەتاو





شین تر
دووچاوە
پڕ سیحرو ئەفسوناوییەكەی تۆیە...!
لە زەردە پەڕی
تیشكی دەم كەلی ئێوارەی ئاسۆ
زێڕینتر
زوڵف و ئەگریجە
تاوو تاكەی
تۆیە...

فریشتەیەك
بۆ ڕوحی من
نیگای
تۆیە...!

ئیبلیسێکیش
بۆ خەیاڵم
دووری
تۆیە...!

بارانێك
بۆ سەوزبوونی
کێڵگەی, چڵ وتاڵی
هیواکانم
عشقی
تۆیە...!

پایزێکیش





بۆ هەڵوەرینی
گەڵاکانی باخچەی
گوڵم
گریەی
تۆیە...!

ئەلبومێك,
بۆگێڕانەوەی,یادەکانم..
وێنەی
تۆیە...!

دێو جامەیەك
بۆفریودانم...
حەزێکی





سەرەڕۆیە...!

گۆرانیەك...
سامفۆنیایەك...
بچریکێنم...
دڵنیابە...!!
نۆتەکانی, نەغمەی
تۆیە

پرسەیەکیش,
کە ڕەشپۆش وغەمگینم کا...
دڵنیابە...
دووری
تۆیە...

هەڵبەستێك,

کە.... خامەکەم

بێنێتە, گۆ...!

وێنەیەك,

کە... فڵچەکەم

سەوزو سوورکا..

تەشویەك,

قەدو باڵای , پەیکەرەکەم

ڕەنگاو ڕەنگ کا

برۆو زوڵف وباڵای تۆیە

دیدەو پرچ وقەدی تۆیە





ڤێنوس ئاسا,شێوەی تۆیە

ئەی, ئازیزترین,ئازیزانم

ئەی

خۆشەویسترین,خۆشەویستانم

خۆزگەیەکم

بەپەنهانی لەسینەدا

حەشارداوە

"نە بە وێنە و گۆرانی

نەبەقسە

نەبەشیعر

نەبەپەخشان

ڕەها نابێ و





هەر گریێە

لەسەر دڵم"*

ئەویش,

گەیشتن بە

تۆیە

چونکە

دڵنیابە

مەرگت مەرگمە

مەرگی

منیش... مەرگی تۆیە

مەرگی تۆیە

سلێمانی

11ی ڕێبەندانی– 2000

*لەیەکێك لەشیعرەکانی ناسری حسامی لەدەنگی شۆڕشی ئێرانەوە وەرگیراوە"

## بۆ نوری چاوان

ئەم شیعرە پێشکەشی دکتۆر کراوە

گوڵێك بۆ باخچە
دڵێك بۆ ژیان
چاوێك بۆ ئاسۆ
لە کوێ بێنم...؟
تا
باخچەم بۆ بکاتە گوڵستان و





ژیان
بکاتە جاویدانی و
ئاسۆ
هیوا وئاییندە
تەنیا
گوڵێك
و
دڵێك
و
چاوێك
کەشك بەرم
تەنیا,
هەر تۆی

1998





## رازێك

ئەوەندەم نەماوە
لێرە بڕۆم
وەرە،
با چی لەدڵمایە بۆتی بڵێم
چونکە
گەلێ رازو فرمێسك و بزە
بە پەنهانی لەسینەمدا خۆیان

حەشارداوەو
بۆ سەودایەك
دەگەڕێن
ئیتر نەتەمەن بەبەریەوە ماوە
نەكات
ئیدی تاوەكو، بەفری زستان
بەسەر نەچووین
وەرە بۆ یەك بژین
وەرە
ئەم بەهارە
بێ تۆ مەحاڵە





## تۆ نامری

پەنجەكانیان
یەك,یەك كوت كوتكرد
خامەی داهێنان و شۆڕشگێڕی
تیا بینرابوو

چاوەكانیان





هەردووك هەڵكۆڵی
بۆ ئاسوی دووری
هەڵهێنابوو

دڵیان
لە ڕەگەوە دەرهێنا
چونكە هەمیشە نەسرەوت بوو
بۆ ئازادی تێكۆشابوو

كتێبەكانیان
یەك یەك سوتاند
چونكە عشق و خۆشەویستی و
فەرهەنگی ئازادی داهێنابوو

ئاسمانەکەی
ئەویان ڕەشکردەوە
جریوەی جوانی تیاخوێنرابوو

خانوەکەشیان
تێك و پێکدا
بۆن بەرامەی ئەوی تیا گەڕابوو

وڵاتەکەشیان
لەسەر نەخشە سڕیەوە
چونکە هەزارانی وەك ئەوی تیا پەروەردە کرابوو

خەزەڵوەری
1379





## جێهێشتنی دۆزەخێك

هەر دەڕۆم و ڕێگا دەبڕم
تارزگارب‌م
لەم مەینەتیە
دەڕۆم.... دەڕۆم
چارەنوسم,نادیارە
ملم ناوە...!
ئەمە وڵاتی





کابوستان و مەرگ و برسێتەییە
وڵاتی
زوڵم و جەورو جەهالەتە
دۆزەخێکە و
داخراوە,
بۆ مرۆڤی ئەم وڵاتە
پڕکارەساتە
خەڵکی بیّ نان
بیّ سەرپەنا
بیّ ئازادی
ڕۆژ بەڕێدەکەن و
خۆزگە بە دوێنی دەخوازن
و
مەرگ بۆ سبەی ئاواتیانە

ئای لە ولاتی

هەژاری و کاولکاری

ولات

ولاتی, تەورو داس و تەوراسە

و

کەوتونەتە

سەرو گوێی, دارستانی

ئەم ولاتە

سەر دەپەڕێ

خوێنی دەڕێژرێ و...!

زەروو ئاسا

خوێنمیان دەمژن...

چ

جەرەیانێکی نامۆیە





لەم ولاتە..؟

خۆزگە بەدوێنی بخوازی و

ئاوات بەمەرگی سبەی

داخ

بۆ ولاتی وێرانم

بەدەست

ئەم وێرانکە رانە

باچی تر بەچاو

نەیبینم

حەزیش ناکەم,جێتبهێڵم

بەلام لێرە تەنها

مەرگ چاوەڕێمە

سلێمانی

1996-5-5





## سوورە سوار*

ئـەسـپە شێی کەحیلی کوێستان

دەی هــەســتــەوەو ڕابــــەوە

شێری بێشەی لێڕەوار و دارستان

نـــەبـــەزیـــنـت نـــوێـکـــەوە

تـاوە ڕەهێـڵـــــەی, شەوی تۆف

چـــەخمـاخـە بــەو مـەســــرەوە

ســـــواری بـــا بـەبـەتـیـژ بـڕۆ
پــێـش شـــــەوە زەنـگـان دەوە
تــیـشـکی خـــۆربـەو زووبـگـە
ڕوونـــاکـیـت بــبـــخـشـــەوە
سوورە ئەســتێرەی (ئەم) گەلـە
لـێـمـان دووری ســـەربـــەوە
عـــیـشـــقـێـکی وا لـــەدڵدا
قـــەت و قـــەت نـابـڕێـتـەوە
ســـۆمـــای وا لـــەچـاوانـــدا
بـــەهـــیـچ کـــاڵ نـــابـێـتـەوە.

*لەسەر شیعرێکی حەمە عەزیزە





## هەڵوێست

دڵـــــێ هـــەزاران هیوای تـــێدا بـێ
بـۆ گەل و نـــیـشــتـــیـــمان ژیـا بـێ
ئەو دڵـە هـەروا زیندوو دەمێنــــــــێ
چـونـکـە، بـــەهــاری ئـازادی دێنـێ.

2001/7/5





## فرمێسکی خەزینانانە

ئاونگ کەدەتکێتە
سەرچڵی گوڵی بەربەیاندا
بۆئەوەیە, ماچێکی سەرمەدی لێبکات
تابۆ ئەبەد, تامەزرۆیی لەناخیا بمێنێتەوە...

بولبول کەبەسەرچڵی
دارێکی خەزاناوی, زیزپۆشی پایزدا دەنیشێتەوە
تا لەتەنهایی قوڵپی قورگی گریانەوە

ئاواز بۆ ژیان بچڕێ
تا بەرە, بەری بەیان دەخوێنێ

ئەوسا باڵ لێکدەداو دەچریکێنێ
دڵدارێکیش هەیە, وەکو قەقنەس بۆ یادی دووریت
خەریکە تانووپۆی گڕبگرێت و
هـــێـــنـــدەبـــەکـــوڵ دەخـــوێنێ
تـــاچـــی بـــاڵـــداری عاشق هەیە
گۆی لەسامفۆنیای حەزینی عاشقانەی ئەوبگرن
دەخوێنێ هێندەبەکوڵ دەخوێنێ
تاخوێن لەدەنوکیەوە دێتە خوار.
گڕ دەگرێت و بەئاگری گڕی خۆی دەتوێتەوە
ئەوەمنم کەئاوا بۆ تۆ دەژیم
یادت بەخێر...





## یاسای دڵ

عشقت وەها
ڕۆچۆتە گیانم
کەتیشکی خۆر دەرئەکەوێ
گشت بەدەنم
نقومی نەشئەیەکی سەیر دەبێ
وەکو
سامفۆنیای ئەوین بۆ عاشقان





سەرمەست دەبم
دەچمە دونیای خەیاڵەوە
ئازیزم
مۆم ئاسا
بەئاگری گڕی خۆم
قەقنەس شێوە
بەسۆزی دەرونم
دەتوێمەوە
چاوەکانت,
وەك
کارمامزێکی ڕەزا سوك

منیان گیرۆدە کرد
تا وەك ماسی

بوومە نێچیری تۆڕی راوچی
چاوەکانت
ئەگریجەت
ڕەشەبایەکی سیحراوی بوو
ڕفاندمیان بۆ دونیای غوربەت و
سڕیان کردم
ئازیزم
ئەبرۆکانت
شمشێرەکەی فیراق بوون و
جەستەیان کردمە
دووپارچەوە...

**1999-12-31**





## شۆڕە سوار*

پیرە هەلۆی بەندەنانم, بەرزە فڕ بەو مەسرەوە
نووری ئاسۆی پشت کەلانم, لێمان دووری سەربەوە
هیوا بەخشی دڵ و گیانان, ئەی تروسکە
تەمتوومان و دووکەڵ ببڕە, وەك بروسکە
ئاوەدانی بە ئاوو, "هەنگاوبە ڕێگا زیندووە"
شۆڕش بەتۆ, گۆڕستان ناوی مردووە

**2001**

*ئیلهامی ئەم شیعرە, شیعرێکی حەمە عەزیزە.
**دێڕێکی فروغ فروغزادە.





## نائومێدی

لەگەڵ ئەم خەمەشدا,
لەبوونی خۆم پەشیمانم,
کەپڕیەتی لەشکست و نائومێدی و هەڵدێران.
تەمەنی من, دارێکی زەردی زێر پۆشی تەنیاییە.
چوار وەرزی ساڵ
لەبەردەم زریانی ژیاندایە و

سەرگەردانە...
رووبارێکە, بێ رێچکە ملی ناوە
بۆ ئەبەد نازانێ
کوێ مەنزڵگایەتی, تاساتێك
ئاسودەبێ...
خاکێکە, تینووی سیما تەڕەکانە
و گەرمای تاقەت پڕوکێن
بڕستی لـە بەربڕیوە.

2003/3/16





## ماڵئاوا *

ئەمە وڵاتی بێستونەکەی
فەرهادە...؟
چەندەها کەس, ڕۆیشتن و نەگەڕانەوە
هەردووك بەداخەوە
فەرهاد, بەداخی شیرینی ئەویندارى





بووە کۆکەن نشینی بێستوون
ئەوانیش وتیان:
(ماڵئاوا وڵاتی شەڕو ئاشووب,
ماڵئاوا
سرودەکان گشتیان درۆبوون)*
مارشەکان, ڕەمزەکان, گشتیان
درۆبوون...ماڵئاوا
ئێمە ڕۆژگار فێری کردین
لـەبەرامبەر سەرماو سۆڵە و زریان و ڕەهێڵەدا
خۆڕاگربین
وەکو کێوو پۆلا
ئێمە ڕۆژگار فێری کردین
ئەوینداربین بۆ خاکی وڵاتمان
و
بۆنی خاکی پاش بارانی بەهاران

لەو دیوو شیشی زیندانەوە بكەین
ماڵئاوا
وڵاتی خێر لەخۆنەدیووم
چەندەها كەس, خۆیان لەناوبۆتەی خۆشەویستی تۆدا
حەشار دابوو...
وەكو قۆزاخەی پەموو
سەركز
كەسیش پێی نەدەزانی
ئەوانە خیانتكارن
وڵات فرۆشن
شوێنیان زبڵدانی مێژوو
ماڵئاوا
وڵاتی نامۆ بەخۆشی و سەفا
ماڵئاوا
سەردەمێك بە گازی كیمیاوی خنكاندیانی





سەردەمێك بە ئەنفالی بەدناو,سەردەمێك بەزیندان
سەردەمێك بەوێرانی كۆستیان خستی
سەردەمێكێش,بەحەشاردانی حەزی خیانتكاریلە ژێر
پەردەی
خۆشەویستی بۆ تۆ
بێ ئومێدیان كردی
دەریش كەوت, گشتی درۆ بوو
تەنها, حەزێكی خۆ فرۆشانە بوو
ماڵئاوا
ماڵئاوا, وڵاتی ئەویندارم
بەهیوای دیدار
ماڵئاوا

خاكەلێوەی
1376-(1996)

*لە چیرۆكێكی غفور سالح عەبدوڵلا وەرگیراوە.





## بۆ كچێكی دیل

تۆ مەلێكی باڵكراوی
ئەم باخچەییەی
ئەی شۆخترین كچی شار
زەلیلیلی دەستی
گورگێكی دووپێ
كەڵبەی لەژیانت گیر كردوە..

ژیان بەو جوانیەی
بەهای خۆی لەدەستداوە..
بەهار بەو گەشاوەییەی
جوانی خۆی لەدەستداوە..
تۆ
هەمیشە چاوت خەون تێیدا
قەتیس ماوە..
چاوەڕوانی ئاسۆیەکی دوورە..
خەم میوانی چاوەکانتە
ئاڵۆزی دیاری زوڵف و
خەندەش,لەودیو شیشی زیندانەوە
خۆی حەشارداوە..
ئازیزم:
دڵنیام,تۆ چەندەت ژیان لاجوانە





ژیانیش
سەد ئەوەندە تۆی خۆشدەوێ.

سلێمانی
1999-10-3





## بڕیار

لە ژیانمدا
لەگەڵ چەندین کارەسات
بەرەو ڕوو بووم
لەخەم,لەئازار, لەعشق و ژان
لەهەژاری و کەسەری

لەشكست و دەربەدەری

هێندێكیان
ماوەیەك و

هێندێكیان
چەند ڕۆژو چەند ساڵ
ئاسەواریان بەجێ ماوە
لەسەر ژیانم

هێندێكیان
مەرگیان لەلام كردۆتە
خۆزگە...!





هێندێكیان
نەفرەتم لەبوونی خۆشم كردوە

هێندێكیان
زوو لەبیر چوونەوە
هێندێكیان
سەری شوشەی شەرابم
باداوەو

بەبادە,بە((با))م داوان





هێندێكیان
كردومنتە شیعرو
چەپكە,چەپكە
هۆنیمینەوە
لە دیوانا
دامناون...!
بەڵام،
ئەی فریشتەی بتپەرستم
ئەی ئیلهامی شیعرو هەستم
ئەی،
كەرەستەی
چەند ڕۆمانی بەهێزتر لە
نینا، سارا، شەوە سپیەكان
ئەو ساتانەی،

بیر لە تۆ دەکەمەوە...
ئەو ساتانەی،
دەمەوێ لەگەڵت بدوێم
بڕیارت لەگەڵ بدەم
زمان لاڵ و
دڵم شەیداو
خەیاڵ سەرشێت و
سەوداسەرە
هەزار خەیاڵ
دەکەمەوە،
تا بۆت بدۆیم و بیدرکێنم
رۆژگارەکەی وایە
"شەوە زەنگەو خۆر زیندانیە
بەتاوانی خۆشەویستی





شنەی بەیان، خرایە بەند
قەفەس بۆ مەل دروستکراو
فڕین قاچاخ*
تاریکی بەرچاوی گرتووم و ئازار شەوانە
میوانی روحمە...
دەبێ،
شەوق و شادمانی
لەدەروونما، دیل بکەم و
بیهێڵمەوە...
بەڵام،
ئەمجارەیان، دوابڕیارم دراوە
یان
رەشکردنی نێوچاوانە
یان سپی کردنی چارەنوس و





خۆش بەختی ژیانە
بەهیواشم
"مورغی ئاسمان"
بەختەوەرم کاو
بە تۆ بگەم
***
هەرچەندە،
زۆرجار، ویستومە، وەکو
قنەقس
بەئاگری گڕی خۆم بتوێمەوە
تاچی تر یادت نەکەم
بەڵام
نەمتوانیوە
لێت، جودابم و

جویَ ببمەوە

*

هەرچەندە

رۆژگار...

نەمتوانیوە

لەجیاتی جارێك،

دەجار، لەگەڵت بدوێم

چونکە،

زۆرتاسەم کردوی و

بیرم کردوی

وویستومە

چی رازو نیارە

بۆت بدرکێنم

بەلاًم





بیَ ئاکام بوە

چونکە

من ویستومە و

تۆ

بۆت نەرەخساندوم

هەربۆیە، ناچار بووم

لیێت دورکەومەوە

بەلاًم

هەرخۆشم ویستوی...!

و جارێکی تر، لیێت زیزبم و

جارێکی تر

خەمت بخۆم و

جارێکی تر

ویستومە...





لەناو شیعرەکانما، بتهاوێژمە دەرەوە

لەناو ژیانما، کۆتاییت پیَ بێنم

بەلاًم

هەموو جارەکان،

بەشێنەیی پەشیمان بوومەوە

و پەنجەی

پەشیمانیم گەستووە و

نەمتوانیوە "بەیەکجاری"

لەبیرت کەم

***

دەزانی بۆ...؟

دیوتە،

ماسی بیَ ئاو...؟

ئینسان بیَ نان...؟

زەوی و باخ بێ سەوزایی...؟

شاخ بێ تەم و مژ...؟

بژی...؟

ئاوەها

منیش نەمتوانیوە

بێ تۆ بژیم...!

***

دەزانی بۆ،...؟

دیوتە،

رەنگی مەرجان، بەدەریادا

چۆتە خوارێ...؟

رەگی خوێنبەر، بەجەستەی ئینساندا چۆتە خوارێ...؟

ئەوینی تۆش ئاوایە؟

***





هەر بۆیەشە بڕیارم داوە

بتپەرستم

زۆرجاریش، ویستومە

لـە،

خۆشەویستیا،

لێت دورکەومەوە،

نەبادا ئازارت بدەم...!

نەشمویراوە، بتدوێنم

نەکا بەوتەیەکم دڵت ئازار بخواو

دڵت زویر ببێ...

و بۆم ریکنخرێ

ئەو وشانەی تۆ دەتەوێ

ئەو ساتانەش تۆ دەتەوێ...

لـەناو





وەسفی منا

قەت نەجمێ....

***

سەد خۆزگە

بمزانیایە، تۆ

بە چ زمانێك دڵشاد دەبێ...؟

تا من پێی بدوێم

دڵشادت کەم

ئەی ئەویندارە

پڕسۆزەکەم...

***

بەڵام ئێستا گەیشتمە ئەوەی

بڕیار بدەم و

پێت بڵێم

خۆشم دەوێی
خۆشم دەوێی.

سلێمانی
24 جۆزەردانی 1375
1996/5/13

*دێڕە شیعرێکی شاعیر محەمەد میسریە





# شەوە سپییەکان

"بۆسەفەری هاوڕێکەم، کە هەندەران کوشتی"

کە تۆ ڕۆیشتی و جێهێشتم
دڵم بوە کوانووی ئاگر
فرمێسکەکان,
پێکی بادەیان سارێژ کرد
تەمەنی پایز





کورتر بوو,
گەڵاڕێزان دەستپێکرد...
زۆردەمێك بوو,
لەوەها کۆچێکت دەترسام
بەتەنهایی جێمبهێڵی و
خۆزگەنم, لەسینەدا
بەپەنهانی حەشاربدەم و
شەوە نوتەکەکانی وەرزی تەمەنم
بنوسمەوە...
هەربەو هیوایەی
درەنگ یان زوو
هەردێتەوە
هەردێتەوە.

1999-12-5-بازیان

## خوداوەندی خەم

دڵـم نقومی خەم بوە
هەست بەبوونی خۆم ناکەم
شادییەکەم بەدی نەکردوو
هیواشم بۆ سبەی نیە...!
دەبێ بادە
دیسان خەمەکانم, فەراهەم کا...!





ئەم مەملـلـەکەتی غوربەتە
هەرچی تەلاری هەیە
بەغەمی من هەڵـچنراوە
سەری لـەمەملـلـەکەتی ئەستێرانە
ئەمە لـە پەنهانیەکانی, مێژووی ڕووحیشم
لـەلام بوونتە سەراب و
خۆم و ناخی خۆشم
داوەتە دەست نائومێدی
نەمدەزانی
ژیان ئەوەندە,نهێنی لـەخۆگرتوە
ئەوەندەش
چارەنوسی رەشی
بۆ نێوچاوانمان, نووسیوە...!
نەمدەزانی





تراژیدیای بێ ئامان وجەرگبڕی
واسامناك و ترسناکی
لـەهەگبەدایە

25-ڕێبەندان 1377

# بورکانی ئەوین

خەمی، پەنگ خواردووی
چەند ساڵەیە...
لەناو دڵما،
بێ ئۆقرەیە
گاهێ، مەیلی باڵات ئەکاو
گاهێ، ئاوێزانی دیدارت...
ئازیزم:





خۆت نازانی...؟
قینی بورکان
چەندین بەتینە...؟
گڕو سێڵاو
ئەشکی ئەوینە
کێو، رادەماڵێ
بەربەست، دەشکێنێ
هەردەڕواو
تادەگاتە
مەنزڵی
ئەی فریشتەی ئەویندارم
دیداری تۆ
گڕی هەڵچووی، دەروون بورکانم
خامۆش دەکا





چونکە..
سەبوری ئاگر
هەر ئاوە

سلێمانی
16 جۆزەدان 1375
1996 – 5 –5

## تاسەیەك

ئەو تروسکەی، ئومێدە
دەبێ کەی دەرکەوێ...؟
و
درِ بەشەوە زەنگی
گومان و ئەفسانە با،





ئەم ، رازانەی دڵ
کەی بێنە گۆ...؟
بەچرپە،
بەگوێ، ئەوینێکی سەوداسەردا
بچرپێنن
ئەم، ئەسرینە، سوێرو تاڵە
دەبێ کەی لە
بناوانەوە، وشککا...؟
لە،
چاواندا،
پێش گشت شتێك
بۆ عیشق بگەرِێ...
ئەم، دەست و پەنجانە
کەی دەبنە دۆست و





عاشق...؟
و
روحی ماندوو
لەجەنگڵستانی چرِو
گەسکەڵانی پرِ مێشولەدا
رزگار کەن
ئەو بەڵێنە
دەبێ کەی بێتەجێ...؟
پێش ئەوەی ئاسۆ
لەکەل ئاوابێ...
و
قەقنەس بە تاسیەوە
بسوتێ...!!
و

مژدەی
دواجار بێ بۆ دڵی وێران
مەلی باڵستکراوی زیندان
فرمێسکی قەتیس لەچاوان و
رازی دڵی عاشقان
ئیتر وەرە...!
تاکەی بێ ودم بین
نەکا
وەکو، قەقنەس،
بەئاگری گڕی خۆمان
بتوێتەوە
یان لە غەریبیدا بمرین...!

رانیە
1999/3/23





## خەمی بێ ئاگایی

نەتزانیوە...
نەتزانیوە...
هەتا ئێستا نەتزانیوە...
ئەوەندەجار...؟
جارێك..دووجار..دەجار...؟
ساڵێك...دووساڵ





هەرنەتزانی...؟
* * *
نەپەڕِ واوێك، نەگۆڤارێك
نەرۆژنامەیەك
نەدیوانی شیعرم
هیچ شتێك نەما
من نەینوسم،
تۆنەیبینی...
من نازانم، تۆکەی پێ دەزانی...؟!
کەی...؟!
ئازیزم
لەناو قورئانا
چەندجار
ناوی خوات

دیوە...؟

لە ناوشیعرەکانی ئەحمەد بازگر،

شێرکۆ بیکەس،

شاملۆدا

چەندجار،

ناوی ئەوینت دیوە..؟

لەناو دیوانەکەی

–نالی–دا، چەندجار

ناوی–حەبیبەت–

دیوە...؟

لەمنارەی مزگەوتەوە

چەندجار

ناوی اللە اکبرت

گوێ لێبوەو بیستوە...؟؟





لەناوبەفری سپی سەرکەش

چەندجار،

فریشتەی ئاشتیت

دیوە...؟

دڵنیابە

لەناو کەشکۆڵی،

شاعیرێکی سەودایی وەکو مندا

لەناو دیوانێکی،

گۆشکراو بەعشقی تۆ

لە ناو دیوانێکی

پڕ غەزەلی، ئیلهامی تۆ...!

ئەی فریشتەی، پەرستگای من

لەجیاتی جارێك:

ناوی خواوپێغەمبەر





لەقورئانا

لەجیاتی جارێك:

ناوی–حەبیبە–

لەدیوانا،

لەجیاتی جارێك:

ناوی ئەوین،

لەجیاتی جارێك:

–اللەاکبر–ی

منارەی مزگەوت

سەدجار، ناوت هاتوە

لەدیوانەکەی مندا...

* * *

ئای لەخەمی بێ ئاگایی...!

چی بکەم...؟

کە تۆ نەزانیوە،
ئەو شیعرانەم
گشتی بۆ تۆیە
هەرچیم بەکارهێناوە
گشتی،
ڕەمزەو ناوی تۆیە
بەڵام،
چی بکەم کەگشتیان لای تۆ نامۆیە
تا ئەم ساتەش
نەتزانیوە..
هەرچی ڕەمزەو وشەی نامۆیە
ناوی تۆیە
ناوی تۆیە
20ڕەشەمێ 1374
( 1996)





## دوا شیعرم

ئەم باخچە،
بێ دەنگەی شار
منی هەراسان کردووە...!
بەرگی گۆڕستانی پۆشیوە،
دەیەوێ
هەر لەئێستاوە
بەغەم گۆشمان کا





هەتا دڵمان
فێری خۆشەویستی نەبێ
ڕوومان
جوانی نەبینێ...
قەدمان
وەکو سنەوبەر باڵا نەکات
*　　*　　*
ئاخر ئێمە ڕۆژگار فێری کردین
ڕقمان لە
سەوزەڵانی بێ
لەجوانی و لەتریفەی مانگ و
زەردەپەڕی خۆرئاوا
خوای عەشق و شادی
ئەی خودا؟
ئێمەت بۆ لەم مەملکەتی ئەهریمەنە
خولْقاند...؟

بیّ بەشتکردین
لەگشت جوانیەکان...!
گوناهمان چیبوو...؟
جگە لەوەی بە فریشتە دەچین...!
حەزمان لە باخچەی جوانە...ئەمەش
باخچەکەمانە...!
حەزمان لەقەدو باڵاو بۆنی سنەوبەری سەوزە
حەزمان لە، گوڵ و مانگ و جوانی و شادییە
کەچی گشتیان پەژموردەیە
ئیتر بۆیە
وڵاتیش جیّ دەهێڵین
.......
ماڵئاوا ماڵئاوا

1998-12-7





## بۆ پەپولەیەکی بەهاری

روم پەری و خونچە بووم بەناهەق هەڵوەریم
بەهاری تەمەنم پایز بوو، لەخۆشەویستی بیّ بەریم
عشقێك کەزادەی چاوەنوارِی زۆر
بیّ ئاکام دەرچوو، زستانی بیّ خۆر
پەروانە بەعشقی چرا خۆی دەسوتێنیّ
من گرِی ئاگر، بالاّم دادەخورێنی
قەدەرێکی شووم، ژیانی فەوتانم
عشق و دۆستانی لیّ ئەستاندم





## شەهید

زۆر کەس رۆیشتن، جیّانهێشت ژیان
بۆ گەل و وڵات، بەختیان کرد گیان
ئەوەی لەبەرەی گەلدا کوژرا بیّ
دڵنیابن، کەقەت ناوی ون نابیّ
ژیانیش جوانە، لەپێناویا بمری
نەك دیل و داماو هەمیشە بگری
ئەوەی خوێن لەپەنجەی پێی، چۆرِابیّ

گیانی لەپێناو کورددا، رژا بێ
ئەوە رووبەڕووی دوژمن جەنگاوە

جەستەی لەپێشەوە، دیارە پێکراوە
گەلێ هەزاران رۆڵەی وای هەبێ
ئیتر کەیی و چۆن، ناوی ون دەبێ...؟
رێگای ئەوانە، درێژەی هەیە
لەو دیو کەل، ئاسۆ چاوەڕێ هەیە

2006/4/25





## کۆچ

دەردی دوریت و خەزانی پایز
منیان کوشتووە هاوارگیان ئازیز
کۆچی ناوەختە و کۆستی دڵی من
لێرە جێماوە، بێ دۆست دڵی من
چۆڵە جێ ژوان و کۆنە هەورام
وێرانە لانە و دڵی پڕزارم
گاهێ بێزارو گاهێ سۆزدارم





تاوێ بۆ دوریت و تاوێ یادگارم

منت جێهێشتوە، ئا لەم وێران
دڵ بریندار، چاوپڕ گریانە
لافاوی فرمێسك، شەستە و بارانە
گشت بۆ دووریت و خەمی یارانە
بگەڕێرەوە، یاری نازدارم
تاسەی دووریتە، دەردت لەگیانم

سلێمانی
ئازاری/ 1999

## من قەقنەسم*

دەڕۆمە کێوی بێستون
بۆ پێشەواکی باڵداران
دەبێ دەردو فوغانم
بگا بەگوێ ی دڵداران
هەتابەری بەیانی
پڕ بەدڵم دەخوێنم
تا دەنووکم گڕ دەگرێ





ئەو ئاوازە دەچڕێنم
پاشان گڕم تێبەربێ
هەتا دەبمە خۆڵەمێش
ئاهوونزام هەڵکشێ
بۆ ئاسمانی بێ ئێش
خۆم دەدەمە دەریاوە
بۆ ئەوەی بژێمەوە
وەکو"قەقنەسی" سورم
ئەمن چۆن دەتوێمەوە..
دەبمە شیعرو گۆرانی
بۆ یارانی ڕێی دوورم
ئەمن"قەقنەسم" "قەقنەس"
لەسەر ڕێبازم سورم

*لەسەر شیعرێکی حسێن شەبەقە.





## خۆزگە

خۆزگە
بمتوانیبا،
وەکو، ماسی...
ئازاد، ئازاد...!
بۆ هەرچی کوێ...؟!
دەمەوێت، بڕۆم...!

تا تێ بگەم،
چی نهێنی هەژاری
گەردوونە...!!
چی فرمێسکی شاراوەی
منالآنی شارو لادێی،
ونبووە...!
چی ئێسك و پروسکی
ژێرخاکی،
چەند سالّەی هەژارانی،
زەبوونە...!!
خۆزگە خۆزگە
بمتوانیبا،
تێبگەم
چەندە دەردێکی





پڕ ئازاری
لەگشت سوچی دنیا،
ئەی هەژاری
ئەی هەژاری...!

1996





## گالیا *

کاروان کەوتۆتە رێی
غەمبارم، جێتدەهێڵم بەتەنیایی
بەلاّم...!
هیوام لەهەگبەدا پێچاوەو
تۆ، بیرو باوەڕم توێشوومە
بۆ رێگای

ئەم سەفەرەم...!
دڵنیام هەردەگەمە جێی
گالیا
ئێستا، شەو درنگە و
کاروان کەوتۆتە ڕێی
وەختی،
گوێ گرتن لە ئاوازی
شادمانی نییە...!
چارەنوس چاوەڕێمانە...
درەنگە گالیا.
لەیادت دێ.
سەردەمانێك ئاوێزان بووین
"شیعرم بۆت دەنوسی، ئاوازم بۆ دەچڕی و
هیوام دەبەخشیە گیانت...!





باسی داهاتووم بۆ دەکردی و
تۆش شادمان و
بەهیوا...
بێنە دەستە گەرمەکانت بگرم
-گالیا-
کاروان کەوتۆتە ڕێ
کەشەو داهات
من لە ڕێگام...!
لەگەڵ هاوڕێیانم
درەنگە گالیا
درەنگە گالیا

سلێمانی
15 خاکە لێوە-نەورۆزی 1375
1996-3-28

*ئیلهامی ئەم شیعرە، شیعرێکی هۆشەنگ ئیبتهاجە





# پەخشان

چەند پەخشان کە لەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا
بلاوکراونەتەوە

## ((جێم مەهێڵە))

" ئەوەی بەجوانی دەیبینین و بەپاکی دەزانین
شتێکە مرۆڤ پێشتر بیری لێکردۆتەوە..."

تۆ خەیاڵێکی کە هەرگیز دەستبەردارت نابم، تۆ سێبەرێکی لەبیابانێکی لماویدا شکستیم لە(سایە)تدا دەردەکەم. تۆ دلۆپێك ئاوی بۆ درزە کەندرەکانی





گەروی وشکم، کەپاش چەند وەرزێکی عەدەمی وشکە ساڵی چاوەڕوانی قومێك ئاوە....

تکایە ڕێگام بدە، بتخۆمەوە...

بتخۆمەوە، با پاش دوو وەرزی ساردو بەستەڵەکی ڕارایی و وەرزێکی گەرمی خەیاڵ و گومان ئاسودەبم... تۆ هەست ناکەیت، ئەو بۆنەی لە قژی خاوتەوە دێت، ئاسودەم دەکات و هەناسەی جوانیت وەکو کەوسەرە بۆمن.

تەمەن بە بەریەوە نەماوە، خەریکە تاڵە ڕەشەکانی قژم، وەکو بەفری زستانانی سەر درختی ماڵەکەتان سپی دەچێتەوەو دەبمە کوڕی بەفر، من دڵێکم هەیە پڕە لە چاوەڕوانی، پڕە لە تامەزرۆیی و دیداری شەو و ساتە دورەکانی تۆو کە هیچ شتێك جگە لە خۆت ناتوانیٚ ئارامم بکاتەوە.





سیحرێك لە چاوانتدایە تەنیا بەماچ ڕازەکانی ئاشکرا دەبن و دێوانەکان لەبەریدا دەحەسێننەوە.

تۆ وەرە هەرگیز جێم مەهێڵە، وەرە وەکو ئاواز چۆن گۆرانی جێناهێڵێت.

چۆن سەوزایی پاش دوو وەرز باخ جێناهێڵێت.

چۆن هەور ئاسمان و چۆن وشەی سادە زار جێناهێڵێ.

تۆش ئیدی بەسە چی تر جێم مەهێڵە

سنوری کوردستانی ڕۆژهەڵات–باشور
2002

## ((نیگا کانی بێدەنگی))

(بۆکۆچی نەورەسەکان)

گەر سەرەتای کێو یەکەم بەردبێ , هی ئینسانیش یەکەمین ژان , دەبێ نیگا سیحراویە بێ و دمەکان کە دڵ رامی کردبوون . سەرەتایئەم خەیاڵە جوانە بێت بۆعشقێکی سوریالی





هاوڕێم ,

لێم ببورە , کەزۆر لە مێژە حەزێکت بە تەنیایی لەسینەدا حەشارداوە . وەکو سکڵی ناو ژیلەمۆ ئەمڕۆ بەسبەیت پێکردووە . من دەزانم تۆ سۆپەرمانی عشقی , بەڵام دیلی یاسا و سوننەتە تقلیدیەکانی کۆمەڵگای . منیش بونیادم پڕە لەعشق و خەیاڵ و رۆمانسیەت . بەڵام زۆرجار لە نیگاکانی عشق ناگەم . وەکو چۆن پەروانە چەند عاشقە بەڵام لە سیحری سوتان بە شوعلەی چرا تێنگات وشەپۆل لە عشقی کەنار تێنگا .

من قەقنەسێکم دەچریکێنم , دەچریکێنم و لەناخما هێدی هێدی دەسوتێم . بەڵام هەرگیز نەمویستوە بە وشەیەکی زبر دڵی تۆی پەروانە بریندارکەم . نەکا دوایی دەستنەکەوێت ئەو وشانەی کە باڵای جوانی





تۆیان پێ رێکدەخرێت , بۆیە بێدەنگیم کردە رێچکە , زۆرجار لە سیما و هەناسە و ئەوینی فریشتەیی تۆم روانیوە .

بەڵام ....

پاشان تێگەیشتم , کە تۆ دەتەوێ سوپەرمانی عشق بی و یاسا سواوەکان تۆڕهەڵدەی . بۆیە هاتی و بەبێ دەنگی پێت وتم (خۆشمدەوێ!) و وت" ناکرێ هەر (ئێوە) لە هەموو شتێك دەستپێشکەربن . دەکرێ (ئێمە)ش ئەو شتە بین کە حەز دەکەین و بویتە پێشەوای شۆڕشی عشق و خواوەندی جوانی .

بۆیە منیش بڕیارمدا لەبەرامبەردا تا شایانی ئەو گەورەیەیی تۆبم , خۆشمبوبێت و بتپەرستم , شیعرت بۆ بڵێم و هەموو نەغمەیەکی جوان و چاوێکی کاڵ , وەرزێکی جاویدانی و سامفۆنیایەکی هێمن , تەمەن و

سۆز و وەفا. پەروانە و گوڵ و دەریا و نێرگز و خواوەند و جوانی بە تۆ بزانم
بەهیوای دیدار

سلێمانی
2003/5/28





## ((خەیاڵی پێچەوانە))

کە عشق دەبێـە حەقیقەت , هەموو جیهان لـەناو دوودڵـداو , هـەموو جوانیەیـەك لـە دوو نیگـادا کۆدەبێتەوە ...

بۆیە من وامدەزانی , جیلوەی هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان لە یەك ئەستێرەی سەر زەویەوە پـەخش دەبـێ





و... سایە و سێبەری هەموو سەر زەوی لـەیەك بالاوە دروست دەبێ ..

وامـدەزانی " هـەموو بـەهارێکی سـاڵ , لـەگـەڵ دەرکـەوتنی (ئـەو) و... هـەموو فڕینـی پەپوولـەیـەك لـەگەڵ کەلامی (ئەو)دا , دەستپێدەکات .

وامدەزانی هەموو نەغمەیەکی پڕ سۆز لە گـەروی (ئەو)و .... هەموو نیگایەکی سـیحراوی لـە چـاوی (ئەو)ەوە دەردەچێت .

وامـدەزانی " هـەموو بەهەشـتێك لـەژێر پـێی (ئەو)دایە ...نەمزانی تەنها خولْقێنەری دۆزەخە.

وامدەزانی " فریشتە وگول، پەروانە و پەپوولـە .. رووناکی و تیشك ...عشق و ئەوین, تریفە و مـانگ ... ئیلـهام و ئەفرانـدن , بەختـەوەری شـادومانی, ,کلیلێکن وان لە دڵـی (ئـەو) داو دەتوانـێ جیهـان

پڕكات لە خۆشەویستی .

وامدەزانی , (ئـەو) دەتوانـێ . خـۆر لــە زینــدان ئازادكات و گوڵ لـەپشت پەنجەرە دەربێنــێ و قــەوزە لـەسەر كانیاو لابات , خۆشەویستی بكاتــە هەناســە , ماچ و دیاری بكاتە یاسای سروشت

وامدەزانی .تاهەتایـە جەنگــە جوانــەكانی جــوانی نێوانمان بەردەوام دەبێ.

2003/1/1





## ((دەیان جاری تریش بمگرێنێت، خۆشمدەوێت))

بۆ هەناسە سەرهەڵگرتووەكان

تەنها مـن لـەگەڵـەی ئـەو كۆترانـە تێدەگـەم، كـە بەیانیان دێنە سەر درەختـی ماڵــە دراوسـێكەمان و تـا خۆرهەڵدێ دەخوێنن.





ئەوانە ئازاری دووری یارەكانیان وایلێكردوون وا بەگوڕ بخوێنن. دەڵێن باڵندەیەك هەیە هەموو شـەوێك بەلقی دارێكەوە خۆی هەڵدەواسێ تا دڵۆپێـك خـوێن لە گەرووی دەتكێتە خوار، ئەوسا لـەشەقەی باڵ دەدا.

منیش لـەوساوە وەك ئەو باڵندەیە دەخوێنم، بـەڵام دەنگم پێت راناگا نازانم ئێستا لــە ژوورە تەنیایەكـەی خۆتدا لـەچی دەنواڕی و شەوان خەیاڵ لـە چی دەكە؟

لــە وێنــەكانی دڵدارەكــەت، یــان لــە گــەرمی هەناسەی؟ لە دەست خستنە دەستی دێوانـە، یـان لــە نامەكانی عشق كە بەڵێنت دا بیانكەیتە كتێب؟

نازانم، ئەم خەیاڵانە كۆتاییان دێـت، یـان هــەر بـە سەرمەدی و جاویدانی دەمێننەوە. دەترسم كابوسـێك بتكاتە بارمتەو خەیاڵــەكانت بكوژێـت! زۆر دەترسـم لـەم وەهمانە

وامەزانە پاش کۆچت، یادەکان وەك گـەڵای پـایز زەرد دەبـن و دەکەونـە بـەردەم رەشـەبای گومـان و توهمە..نا..نا یادەکانت لـەناو خوێنمـدا دەگـەڕێن و بەدوای پرسیاردا دەگەڕێن؟

دەزانم تۆ دڵێکیشت هەیە، هەر هێندەی لیمۆیـەك لەناو قەفەزێکی زێرینـدا پـارێزراوەو ژەنـگ ناهێنێـت، بـەڵام دەترسـم کەسـێکی وەك منـی لێ هەڵکـەوێ و داگیری بکات...

ئەوسا منیشی لێ فڕێ ئەداتە دەرەوەو چیدی دڵێك نییە بملاوێنێ و جێم کاتـەوە وەکـو شوشـە دەشـکێم، ئێستا تێدەگەم داگیرکردنی دڵت چەندە ناخۆشە، کـە جـاران دەمــووت یارمــەتیت دەدەم...بمبــورە لـــەو تاوانە...گەر ئەمجارە لێت پرسیم؟





دەڵێم، نەکەی قەفەسی زێرینی دڵت بکەیتەوە بـۆ هیچ کەسێك، بـا تـەنها یادگاریـەکان هێلانـەی تێـدا بکەن...!

(هەناســە)کــەم، جــارێکی تــر بــە چــاوەکانیدا بچۆرەوەو دەیان جاری تـر بەرێگاکانـدا بـڕۆرەوە..، چونکە فروخ دەڵێت " هەنگاو بە رێگا زیندووە"

"دەیان جاری تریش بمگرێنیت خۆشمدەوێت"

2003/1/1





## ((ساڵی پەپوولە و قەقنەس))

بۆ قەقنەسە گەورەکان

گوڵـم ....

گەر ساڵ لای (پەپوولـە ) وەزرێك بێت . بەڵام بۆ ئەبەدییەت پەپوولـە سمبوڵی ناسکی , جوانی , پاکی , وەفا و سۆزو عیشقە ....

گەر تەمەن لای (قەقنەس) سوتانی پەڕوپۆ بێت .

دواتر خۆڵـەکەی دەڕژێتە ناو دەریا و بۆ جارێکی

دەژێتەوە , بەڵام لە پێناو مانەوەی سۆزێکی ئەویندارانە بۆ سروشت .

کەواتا ئێمەش , با گوێ نەدەینە تێپەڕبونی ساڵەکان , بەڵکو چرکەیەك بەختەوەربین , پڕ ماناترین تەمەنی هەردووکمانە, با ئێمە سیمبوڵەکانی پەپوولە و سۆزی قەقنەس بەدرێژایی لامان بمێنێتەوە , هەستدەکەم تەمەنی من و تۆ , گەرچی ڕەنگە لە هی پەپوولە و قەقنەس زۆر درێژترە , بەڵام هەرگیز بۆ چرکەیەکیش وەکو ئەوان لە شەققەی باڵمان نەداوەو بەر سۆزەوە نەمانخوێندوە .

پەپوولە و قەقنەس . بۆیە ناسرەوێن , چونکە خۆزگە پەیامی ساڵیانە , کەچی هەموو ڕۆژ دەمرین و دەمرین و , جا بزانە ساڵ چەند ڕۆژەو چەندجار دەمرین...؟!





بۆیە هیوادارم . لەم ساڵە تازەیەوە , باوەکو پەپوولە و قەقنەس بژین

بچرکێنین . تا پەیامی وەزرەکان بەشاپەڕمانەوە بلکێت , من بەڵێنت پێ ئەدەم گەر لەگەڵم هاوسەفەر بیت , ئەم ساڵ بکەینە , چەژنی ژین و داستان ئەوین . وببینە دوو پەپوولەی ناسك و دوو قەقنەسی گڕاوی پڕلە سیحر .

هاوڕێم (گوڵم)

وەرە لەگەڵم . هاوسەفەربە تا لە سبەینێی ساڵی نوێدا بەختەوەر بین .

سلێمانی

1998





## ((هەنگاو بە ڕێگا زیندووە))

(بۆنیگا سیحراوییەکان)

تەمەن چڵە گەنمێکی , گەنمستانی دوو وەرزی زستان و بەهارەو , پێویستی بەبارانی ئەوین , ئەشکی شیرین, ڕێگای سیحراوی وجوانی و پاکی و وەفا و سۆز هەیە تا بۆ هەمیشە بالاَ بکات , بالاَ بکات . بەقەدەر دوندی قەندیل مرۆڤە برسیەکان تێربکات .

تەمەن چڵە ڕیحانەیەکی . سەر جۆگەیەکی هاوینانە
, پێویستی بە دەست لە ململانێ و ئاوێزانبونی
هەناسەکانە تا بۆن بە دڵ و ژیاندا بگەڕێنێ
تەمەن لیمۆیەکی پایزانەی , درختێکە و لێویکی
ناسك و دەستێکی میهربانی دەوێت , بۆ تامیترشی
پڕئاوی محبەت .
تەمەن نیگایەکە کە پڕ بێت لەپەرستن
گوڵم . ساڵی نوێیت پڕ بێت لە پیرۆزی
هەنگاو بەرێگا زیندوە .....!"

سلێمانی
2001





## ((چاوەکانی نیگا...!))

چاوەکانی تۆ: ئاگرن، گیانی منیش: دارێکی وشك،رووت وەرگێڕە، باگڕ نەگرم کەمانێکم هەرچی گۆرانی دنیایە لەناخمایە، بەتەنیا تۆ دەتوانی بمهێنیتە گۆ...!"*

گوڵم، من تەنها دەتوانم وەکو پەپوولەیەکی بەهارانەی سەر قەوزەی کانیاوێکی قەدپاڵ ڕەوەزێك، بۆنت پێوە بکەم و نیگام لە"نیگا"ت بڕوانێ، تا بۆ





هەمیشە نیگاکانم ببنە خەونی سەرمەدی خەونەکانت و ئیدی چیر نە تەمەنی پەپولە وەرزێك بێت و نەتەمەنیش تەنها بەشێك بێت لە خەون...

سەردەمانێك قسەکەی"نیچە" م پێ وتی"" ئەوەی دەمکوژێ دروستمدەکات" کەچی گومانێکت لانەما، تەنها بە مەرگی حەقیقیش بێ قبوڵتکرد، ئەو کات لەگەڵ نوچدانت و لەپێناو کڕنوش بۆ عشقی من لەبەردەمما نوێژی پەیوەستبوونت ڕاگەیاندو وەکو قبیلەگای دڵت، باوەڕبونت بەم ئەوینە ڕاگەیاند.

بۆیە ئێستاش دەمەوێ بە مەرگی ئەوینانە. بەشداربم لەگەڵتا، باوەڕبکە دەمەوێت بمە سوپەرمانێ بۆ تۆو گشت هاو ڕەگەزەکانت، بەڵام هەستدەکەم تەمەن بە بەریەوە نەماوە، تا بەخەون و خەیاڵەکانی خۆم سەدان کۆپی پیرۆز دروستبکەم.

هاوریێم"

گەر من ناتوانم چاوەکانت بخوێنمەوە و پێناسەی نێرگز بکەم، لەبەر ئەوەیە من ساحر نیم، عاشقم بۆ سۆناتەکانی روحت و هەمیشە گوێم لە ترپەی لێدانی دڵتەو شەوانەش لەناو تاریکی خوادام و لەبەر شنەی نەسیمی وەرزەکاندا، بەشیعر و ماچ و ناسکی داتدەپۆشم و بۆنی روحم ، بە تا، تاکانی قژەکەتدا، جێ دەهێڵم و چاوەکانت دەکەمەوە پڕیاندەکەم لە تەلیسمی ئەوین وەکو "مانی" نامەوێت چاو لە نیگات ببڕم دەمەوێت بە نوری خوایان بزانم.

گوڵم"

نازانم ئێستا چۆن خەیاڵ دەکەی و چۆن دەژی، بەڵام دەزانم زۆرجار لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەتەوە، دەڕوانی بۆ ئاسۆو بە گومانی لەخۆت، لەنێوان دوو





گوماندا، لە نێوان من و رابردوودا، بەڵام دەبێ باوەڕ بهێنی بە یەکێکیان لە نێوان عشق و گوماندا، دەزانم ، زۆرجار"دادائیانە" بیر لە ژیاندەکەیتەوە و هەر ئەوەشە وایلێکردوی خۆت بەبەرپرس نەزانی لە بەرامبەر ژیان و جوانیەکانیدا، بەڵام دەکرێ قەدەری تۆ هەر وانەبێ...!

ئەگەر نا، تۆش وەکو هەموو دادئیەکان لە فکرە و بیرو باوەڕەکانت پەشیمان دەبێ، بەڵام بێ هودە.

بۆیە گە دەتەوێ لەم مەملکەتە نوێیە ژیان بگوەزەرێنی و عشق وەکو خۆی بێ سەیرێك لە سێبەری خۆت بکەو بگەرە یەقین.

*دێرە شیعرێکی شاعیر یۆنەبێری سویدیە





## ((عشق جەنگە))

"عشق لای من جەنگانە تائەو کاتەی، مەعشوقەکەم دەیەوێت من لەدەستبدات"

من لەگەڵ دۆستەکانم کەزۆرجار هۆکاری کۆتایهاتنی ئەو جەنگانەن (کەبێ گومان لەرەهەندێکەوە بەدوژمنی خۆمیان دەزانم) ناتوانم رقم

لێیان نەبێتەوە، بەڵام ناشتوانم بڵـێم خـەتای (دۆسـتە، دوژمنەکانمە)

بـــەڵکو ئـــەو هەمیشـــە مەعشـــوقەکانی منـــە، کەدەیـەوێت نـەك مـن لـەدەسـتی بـدەم (مـن نـاڵێم لەدەستمبدا، چونکە ئەو هەر لـەسەرەتاوە نەیویسـتوە، مـــن بەدەســـتبهێنێت تــــابیر لـەوەبکاتــــەوە، لەدەستمبدا...!!)

بەڵکو درۆ، فێڵ، خیانەت، بەرژەوەندی و نـەزانی عشـق، ئەوەنـدە دوبارەبۆتـەوە، ئیـدی لای منـیش لەدەستدانی هیچ خەمێك هەڵناگرێت.

هەرچـــی شـــتێك کـــەمرۆڤ لەســـەرەتاوە بەدەستیدەهێنێ، دەبـێ بزانـێ شـایەنی بەدەسـتهێنانە؟ بۆچی..؟





گـەر لـەدەستسـتدا. چـەندە ناخۆشـە..؟ چـەندە تاوانباری..؟ ئایا دەربیجەیەك ماوە بۆ لـەدەستندانی..؟

بێگومـان مرۆڤـی عاشـق، وەڵامـی هـەموو ئـەو پرسیارانەی داوەتەوە ئەنجا بڕیار دەدات.

من دەڵێم تاوانباری تەنها تۆ نیت،

بەقـــەدەر ئـــەوەی منـــیش تاوانبـــارم کەچـــۆن بەدەستهێنانی و بۆچی بەو هەموو شکستەوە بەردەوام بووم کەدەمزانی دەبێ لەدەستتبدەم؟

دانپێیدا دەنێم کەهەڵە بـووم، بـەڵام سـیحرێکیش لەپشت ئیرادەی منەوە هەبوو.

دەرئەنجام لـەنێوان (عشق و هەڵەی مـن وسـیحری عشـــقدا) بەلـەدەســتدانی هـــەموو شـــتەکان دەبـــێ هەنگاونێم..





ناتوانم تا ئەوساتەی تاڵێکی پەیوەندی ماوە خۆشـم نەوێی، بەڵام نامەوێت خۆشم بوێت، چونکە دەمەوێت لەدەستتبدەم...

تا تۆ ئازادتربی لەناو شکستەکاندا...!

کەمتیار کەرەمزی ئەو پەڕی کۆتاییـە تـۆ گەمـەی لەگەڵ دەکەی...!

خەون کەرەمزی مرۆڤی زیندوە، تۆ پێکەنیت پـێ دێ

لەئێوارەیەکی زەردی زیزپۆشی
ژێر هەورێکی تەنیشت گوندێکدا
هەرگیز لەبیرت نایەت کەپێموتی نێوان ژیان و مەرگ، تاڵێکی قژی تۆیە
جوانیەکانی ژیان، ئەو ساتانەیە کەلـەگەڵ تۆدایە..
تۆش وتت، مردن لەگەڵ تۆ خۆشە...!

من نەمزانی تۆ تەنها مەرگت مەبەستە لەگەڵ من، دور لەژیان...!

واتا ژیانت بۆ یەکێکی ترو مردنیش لەگەڵ من دەخواست...!

تۆ وایدانیٚ، تۆڵەت کردەوە

تۆ وایدانیٚ ئەم گەمەیەت بردەوە

تۆ وایدانیٚ گاڵتە بەعشق دەکەی

وشەو بەگاڵتەپێکردن بەژیان رۆژ دەکەیتەوە

تۆ وایدانیٚ سەرکەوتوترین کەسی

تۆ وایدانیٚ ژیان هەر ئەوەیە

تۆ وایدانیٚ چیت ویست کردت

تۆ وایدانیٚ ژمارەی عشقە گەماویەکانت

یەکێکی تری هاتەسەرو یەکێکی تر کەمیکرد.





لەگەنج و پیرو جوان وناشیرینو دەوڵەمەنـد و هـەژار ناسیاو نەسیاو...

تۆ وایدانیٚ کەمیتارێك شوێن و رێو یەك و

چەقەڵێك شوێن کۆترێك

شەمشـــەمە کوێرەیـــەك شـــوێن پەپوولـەیـــەکی گرتۆتەوە...!

گرنگ نییە.

گرنگ تۆ بزانی جیاوازیەکان چییە؟

*****

کیٚ هەیە لەدەست خۆزگەکانی راکات...؟

کیٚ هەیە بخوازێت لەگەڵ شەیتان عشق بکات؟

کیٚ هەیە لەپشت هەموو گومانێکەوە

بگاتە یەقینێکی دۆڕاوو

بەردەوام بێت...؟!





بەردەوامبون لەسەر دۆڕان...

سەرکەوتنە...!

بۆ ئەو کەسەی ناخوازێت عشق بکات و

خەون ببینیٚ.

ناخوازێت عکسی خۆی لەئاوێنەدا ببینیٚ و

قژی لەبەر دابهێنیٚ

ناخوازێت سبەی لەدوێنیٚ و

ئایندەش لەرابردوو

(دیسمبر) لە(ژولای) و

زستانیش لەهاوین

جوانتر بێت.

(ئەوەی بەدۆران دەستپێدەکات

ئەو فرِینەیە"

کەبەبیٚ

وەســـــتان، ڕۆیشـــــتن، هـــــەڵاتن و ســـــەرکەوتن،
دەستپێکردووە...!)*
چەندە کارەساتە
کەعشق مانایەکی نامێنێ...
ئەوەندەش کارەساتە
کەدرۆڕان مانایەکی نامێنێ
چونکە نێوانی عشق و دۆڕان
گەیشتن بەیەقینی گومان...!
جار هەیە
دۆڕان، لای کەس دۆڕاو سەرکەوتنە
یان بەرژەوەندی و تاکتیکەو..
بەڵام بەبێ ماناو بەبێ هۆ
(......)ە..

*دێرێکی نیچەیە
ئوردن 2005





## ((قەدەری من و سیما))

به نیگا دزیی و خوشویستی، بۆیە نامەوێت بەقسە ونت بکەم،
بەپەخشان و شیعر رامهێنــای، نامــەوێت بــە شــەڕ لێت دوورکەومەوە
بەدیدار ناختم خوێندەوە، نامەوێت بە یەك دابــڕان لێم ون بێ.





لــەناو گەوهــەری دڵــی دەریــادا بــۆت گــەڕام، نامـــەوێت لـەفەرهـــەنگی ڕەشـــی یادەوەریەکانمـــدا پێتدابچمەوە.
بۆ ژیان ناسیمی، نامەوێت لـە ژیان رابکـەم لـەبـەر تۆ.
بــۆ گــەورەیت نامــەم نووســی، نامــەوێت بــاڵاو جوانیت بکەمە سرود.
بۆ دڵی فریشتەت گۆرانیم وت، نامـەوێت رووت بێتە ئەهریمەن.
تامی لێوی هەنگوینینت بە ماچ ئاشـنای کـردم... مەهێڵــە حەوایــەکی تــر لێــوم بــۆ بکاتــە ژەهــری حەسرەت.
دەستی گەرمی میهرەبانت ووزەی دایەوە بـەگیانم، مەهێڵە دەستێکی تر بگرێ دەستی ژیانم.

بە نیگا رامم کردی، مەهێڵە چاوێکی تر نیگاکانم لێ بدزێ.

بە باڵات سایەم پێوا...مەیکە بە قەدەری کورت.

بە پاکیت خوام ناسی، رێگامەدە بەتاریکی، سبەینێ بکاتە شەوە زەنگی نا ئومێدی.

**2003/4/9**





## ((کۆچ))

پاش کۆچی نەورەسەکان، شەپۆلی دەریا رۆژانە هەزار جار خۆ دەکێشێ بە تاشەبەردی قەراخ رۆخی رووبارەکان ئەوە هاواری دڵی دەریایە بۆ کۆچی نەوڕەسە دەنووك سوورەکان...!

گمەی کۆترەکان، لە نۆتەیەکی سەمفۆنیەوە، بۆتە دەنگێکی حەزین و ئەم ئاوازە غەمگینە رۆژانە سەدان





جار دووبارە دەبێتەوە. بۆ چڵی سەوزی دارتووەکانی ناو باخچەکەمان کە خەزانی پاییز رووتی کردن!

قژی قەترانی منیش، کە لە برژانگە رەشەکانی تۆ دەچوو لەپاش کۆچی تۆ، بۆ خێڵانی سنوری کوێستان، وەکو بەفری سەر لقی دارگوێزە وشك هەڵاتوەکانی ئەو دۆڵ و زەنوێرەی زستان سپی دەچێتەوەوە، گەر واش بڕوا بە دووری مەزانە ببمە کوڕی بەفرو رەنگیشم سپی سپی بچێتەوە..وەکو فروخ دەڵێ" نازانم ئێستا لە ژورە تەنهایەکەی خۆتدا، خەیاڵ لەچی دەکەی و لەکامە هەوری زگپڕدەنواڕی...؟" نازانم کامە بیرەوەری دەتهێنێتە سەرسەمای هاوڕێیانە و کامە یادگاریش ناخت دەهەژێنێت و دڵۆپی فرمێسك لە گەروت قوڵپ ئەداو لە چاوتەوە ئەتکێتە خوار.

هاورێم، بەر لە کۆچت، نوسیبووت، ئەم دیارییە(....) بۆ ڕەوینەوەی تەمی گومانە، پڕیەتی لە سۆزو وەفا و ڕاستگۆیی...! ئاخر نازانی بەبێ گومان ناگەینە یەقین، بۆیە گومانەکانی منیش پیرۆزبون، چونکە گەیشتنە یەقین، بەڵام ئەوەی نەمدەزانی لەنێوان گومان و یەقیندا. گەورەیی ئەو دیارییە (...)بوو ئاخر ئەزانی هەموو شتێ لەکاتی خۆیدا گەورەیی دەردەکەوێت. ئیتر ئێستا لێرەوە، لە نیگاکانت دەڕوانم، کە پڕیەتی لە کۆمەڵێك سەرنج و پرسیار کە پاش کۆچت بۆت جێهێشتم" چاوەکانت ئاگرن و گیانی منیش دارێکی وشك، ڕووتم تێکە باگرِ نەگرم، کەمانێکم هەرچی گۆرانی دونیایە لە ناخمایە، بە تەنها تۆ دەتوانی بمهێنیتەگۆ، ڕووتم تێکە با بتەزم با بەشنەی بەختیاری، ئالآی بەخوێن هەڵکراومان





شەکاوە بێت، من حەزم، تامەزرۆیم لەسەر سنوری نێوان بەهارو پایز دەژیم..ڕوتم تێکە...؟"

هەموو بەیانیەك کە گزنگ لە ڕێگای تۆ دەدا، من چاوەڕێم هەتا لەگشت هەنگاوێکی نوێدا تۆ ببینم ...! بەڵام نەدەنگم پێت دەگات و نە گوێم لە هەناسەی دڵت دەبێت، بەڵام دەزانم لە سنوری دوو وڵاتی دەستکردیی. خەریکی دروستکردنی مرۆڤە بەریەئیەکانی ناو ژیانی، ئەو مرۆڤانەی کە پڕن لە جوانی و سادەیی و ڕاستگۆیی بەتاڵ لە گومان. من دەزانم ئەوان، چەندە تۆیان خۆشدەوێت و هەست بە گەورەیت دەکەن، بەڵام نازانن لە هەواری دڵەوە کۆچت کردوە بۆ لایان، لێرە لە کێڵگەی جوانی گەنمی باڵابەرزی هاوڕێیەتی بە ئەشکی چاوان، ڕواندوە، لێرە، هاورێیەکی یەڵدات جێهێشتوە،





چاوەڕێی ئەستێرەی کاروان کوژەیە بۆ سەفەر شەو ڕێبکات. هاوڕێم پاش کۆچی تۆ، گەڵی جاران پایز لێرەوە تێدەپەر دەبێت و تا سەر سنور ناوەستێ. ئەزانم گومانەکان دەسڕێتەوە و هەناسەکان دەگوێزێتەوە، هاورێم ئەوەمنم لەناو خەوندا خەون دەبینم..خەون دەبینم

ئالانی سەردەشت
-2004-

## ((ئەوە منم))

(بۆ پەروانەکانی دەوری چرا)

کێ دەتوانێ لەکاتی شەڕەکاندا خۆشیبوێت و لەدڵەوە بۆت بسوتێت؟ مەگەر (پەروانە) لەو ساتەدا کەعاشقی چرا دەبێت، خۆی دەکاتە قوربانی وتان وپۆی گڕ دەگرێت؟





کێ دەتوانێ لە کاتی گریانیشدا، فرمێسکەکانت بۆ بسڕێت و چاوەکانت ماچ بکات؟ مەگەر باران لە قودرەتی دابێت کەئاسمانی عاشقی بەهەوری چڵکن داگیراوە، بەنمەی باران پاکبکاتەوە؟

کێ دەتوانێ ئەوەندە خۆشیبوێت، تا هەمیشە گومانت لێبکات...؟ مەگەر خوا، لە حەوا، تا ئەوەندەی بڕیار بدات لە بەهەشت دەریکات؟

کێ دەتوانێ روناکی ببەخشێتە شەوە زەنگ، جگە لەمانگ بە بەخشندەیی خۆی، تریفەی جوانی دەداتە شەو؟

کێ دەتوانێ درۆکانی ئادەم قبوڵبکات، جگە لەخوا کە هەردەم بە کوڕی خۆی بیهێڵێتەوە.





کێ دەتوانێ هەموو وەرزێك لەگەڵ سەوزڵانی و پەپوولە بداتە سروشتی مەگەر بەهار نەبێ هەرگیز لەم عشقە بێزار نابێ؟

ئەوە منم
لەسەروی هەموو ئەوانەوە
بۆ تۆ دەژیم

2006-12-5

## ((وەرزی نا ئومێدی و لەدەستدانی خۆزگەکان))

هاوڕێم

چ نامۆیەکە کە دەتبینم هەست بـەترس دەکـەم و دڵم دەکەوێتە سەمایەکی شێتانە , نازانم من هـاوڕێتم یان دوژمن . من تاوانبارم یان بێتاوان و وام لـەبـەردەم





دادگایــەکی ناهەقــدا راوەســتاوم و ســزای تــاوانی راستیەکان وەردەگرم .

هەستدەکەم لـە کەسایەتیەکی سـۆپەرمانەوە بومتـە تێکشاوێك کە تێکشـان بـە ناخیـدا چـۆتە خـوارێ . لـەبیرکردنەوەوە بەرەو داروخان و لـە تەنیایەوە بـەرەو تەنیاتر چووم . لـەبێزاریەوە بەرەو پوچیەتی تر چووم , تا دوا پلـەی عەدەمیەت بەرەو فەنابوون .

کات بەبەریەوە نەماوە , هەسـت بـە بـونی خـۆم ناکەم , نا ئومێدی سـەراپای ژیـانمی داگیرکـردووە و ژیان تا دێت روو لـە جاڕسـیە , جیـاوازی ناکـەم لـە نێـوان جەنـەت و جەهەنـەم , هیـوا و نائومێـدی ... حیکایەت و حەقیقەت ,ئەوین و جەنگ , سەرکەوتن و شکست دا ...!

هەرچەند بیرت لیٚ دەکەمەوە . ناگـەم بـە هـیچ





...! هەرچەند دەمەوێ باوەڕبهێنم بەوەرزی جاویدانی , مەرگ ئێخەم دەگرێ , دەمـەوێ بتکەمـە ئیلـهامی شـیعرێکم و وشـەکانی تـۆبی, بـۆم رێکناخرێـت و کاغەزەکان دەپێچەمەوە.

دەمەوێ چی لـە دڵمایە بۆتی بڵێم . کەچی خـۆم بە تاوانبار دەزانم ...! دڵم رێگام پێنەدا ... دەمەوێ بەعـەقڵ بـیرت لێبکەمـەوە , کەچـی بـەرەو تولـە رێگاکانی هەڵدێر و نا ئومێدی وشکست دەڕۆم "

دەمەوێ پرۆژەیەك بم بۆ داهاتوو! کەچی تارمـایی دوێنێ .وەکو کابوس خەریکە بمنخنکێنـێ , دەمـەوێ کـام ئـاوازە زۆر بەسـۆزە بـۆتی بخـوێنم , کەچـی نەغمەیـەکی حەزینانـە , دەبێتـە کاسـێتی تـاڵی بیرەوەریەکانم ,

دەمەوێت , ئەفسانەیەك بم بۆ عشق " کەچی کاتێ

لەبەر ئاوێنە سەیری خۆم دەکەم , ئیفلاسترین عاشقی راستگۆی سەر زەویم " دەمەوێت تریفەیەك بم لە ڕووناکی , کەچی لەبەر ئاسمانی سامالٚ , تاریکترین ئەستێرەی بونەوەرم .

دەمەوێت . چرایەك بم بۆ وەرزی تەمتوومانی عشق و ببمە پەیوەندی تاریکی " کەچی شەوە زەنگترین تارمایی گەردوونم و و دەروازیەك بۆ ڕووناکی لەسینەمدا نەماوەو .. دەمەوێت راستگۆترین دێوانەی چاوەکانت بم , کەچی واقیعەتی درۆ دەمکاتە درۆزترین بونەوەری عشق " دەمەوێت گەورەترین زانای گەردوون بم بۆ دۆزینەوەو سەلماندنی راستی و حەقیقەت و نەهێشتنی نهێنەکانی ژیان " کەچی هەست دەکەم چ گێلیە . ئینسان پڕ بێ لە راستی و حەقیقەت , ویستم نهێنی ناو ژیان





بسڕمەوە تا دەستەکان بخوێندرێنەوە , هەستمکرد گێلترین مرۆڤم , بێ نهێنی

هاوڕێم.

من "سیزیف"ە کەی "کامۆ" بووم و دەمویست بگەمە لوتکەی یەقین , کەچی تۆ , "کردتمە" ئەو پەپولەیەی ناتوانێ بفڕێ و ئاسمانی خەیالٚی جوانی تەیکاو بخولێتەوە . چونکە خۆزگەکانی لە دەستداوە .

من "بهرەنگ" بووم و دەمویست بە دوای نهێنی دلٚی "ماسیە رەشە بچکۆلەکەدا " بڕۆم بۆ ئاسوودەیی , کەچی تۆ "کردتمە" دەریایەك لە گومان و نیگەرانی و شکست , چونك تالٚە ڕێگاکانی ئایندەم لەناو تاریکی شەوی ئەنگوستە چاوی دلٚی تۆی دوێنێدا لە دەستدا !





من"رۆسۆ" بووم ویستم هەموو حەقیقەتەکانی زیندەگی بەر ئەزموون دەم . بەشتە ناشیرینەکانیشتەوە , تا لە جوانی تێبگەم . کەچی تۆ "کردتمە" مەزەی پێکەننیە گوماناویەکانی ژێرسێبەری درەختە رووتەلٚەکانی جێ ژوانی ئومێد , چونکە من گرگنێگی بودلٚە بووم لەبەرچاوت و پڕ بووم لە حەقیقەت ...

هاوڕێم

"مانگ" بۆیە شەوان درەنگ دەردەکەوێ , تا لەناو کانیاوی بێدەنگیدا عکسی خۆی ببیێ و قژی لەبەر دابهێنێ و سەرنج بدات , بەلاٚم کاتێك گۆمی مەنگی بەر تریفەی روناکی دەشلٚەقێ ئیدی مانگ دەتۆرێ و ئاسمان تاریك دادێ ...

"سنەوبەر" هەمیشە سەوزە . بەلاٚم تەنها لەیەکێك لە وەرزەکانی سالٚدا بۆنی سنەوبەری لێدێ

... ئەگــەر نــا دواتــر خــۆی دەخواتــەوە لــەناو بیرکردنەوەدا , تا وەرزی نوێی ساڵ نقوم دەبـێ لـە سەوزی . بەڵام بەبێ بۆن و خەون

هاوڕێم

من لە دوێنێ وەڕزم , لە ئێستاش بە گومـانم, لـە ئایندەش نیگەرانم ....!

سلێمانی
30/5/2003





## سوپاس و پێزانین

جارێکی تر سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکـەم کـە بـۆ چـاپکردنی و سـەرکەوتنی ئـەم شـیعرانە هاوکاریـان کردم:

*بەڕێز حسێن بەفرین کە زۆرماندوو بوو.

*بەڕێز سۆزان مامە.

* بەڕێز جەبار سابیر کە دیزاینی بەرکەکەی کرد

*شاکار محەمەد کە دیزاینی کتێبەکەی کردووە.

*نیان بەکر کە شیعرەکانی چاپکردوە.

*بەڕێز عەباس غەفور

**ئەنوەر بازگر**

سلێمانی

**2005/3/10**